


ئەم کتێبە لە چاپی ٢٨ـە مینیەوە
وەرگێڕدراوە

# ئارام بە

عمر أل عوظه

وەرگێڕانی : زامدار قادری

Scanned with CamScanner




Scanned with CamScanner

# ناوەندی ڕۆشنبیریی ئاوێر

AWER

NAWENDI AWER

ناوەندی ئاوێر
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

- بەڕێوەبەری گشتی ناوەند: حەسەن بورەیی
- بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە: ئاریز حەسەن
- بەرپرسی هونەری: ئاکار جەلیل کاکەوەیس
- ڕاوێژکاری ناوەند: حەیدەر عەبدوڵڵا



07505114142 - 07507476644

Nawendi awer:: ناوەندی ئاوێر

nawendi.awer@yahoo.com

# ئارام بە

نووسینی: عومەر ئالی عزە

وەرگێرانی: زامدار قادری

٢٠١٨

Scanned with CamScanner

# ئارام بە


- نووسەر: عومەر ئالی عزیزە
- بابەتی: یاداشتنامە
- وەرگێڕانی: زامدار قادری
- بەرگ: ئیبراهیم صالح
- نەخشەسازی: محمد حسێن خەتی
- چاپ: یەکەم/ ٢٠١٨
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە

ژمارەی سپاردنی (697)ی ساڵی ٢٠١٨ی دراوەتێ

# سوپاس و پێزانین

سوپاسی بێ پایەن بۆ هەر یەکە:

*موحەمەد مەلا سەعدەدین

*ئەیاد نادر

*شنۆ حەیدەر



Scanned with CamScanner

## ئەم کتێبە پێشکەشە بە:

*گەنجانی وڵاتەکەم.

*بە هەموو ئەو کەسانەی (ژیان) ڕۆژێك دڵتەنگی کردوون.

*بەو کەسانەی دەیانەوێت جێدەستێك لەم جیهانە جێبهێڵن.



Scanned with CamScanner

# پێشەکیی وەرگێڕ

حەمد و سەنا و ستایش بۆ پەروەردگاری میهرەبان، سەلام و درووود بڕژێ بەسەر گەورە و ئازیزمان حەزرەتی موحەمەد ( سەلامی خوای لەسەر بێت).

ژیانی هەر یەکەمان خۆی لە خۆیدا داستانێکی تایبەتە، ناخۆشیەکانی ئەم دنیایە، حەقیقەتێکی ئاشکران و زۆربەمان بەرەو ڕوومان هاتووە، لەهەمان کات گەورەترین بەرابەرکێمان لەگەڵیدا کردوە، تاکو بەسەریدا زاڵ بووین ( عومەر ئالی عۆزە) ی سعودیش وەك هەر یەکەمان لە منداڵیەوە تووشی چەندان کێشە و ناخۆشی جۆراوجۆر بووە، لەو سەروبەندەدا دەستیکردوە بەگەڕان بەدوای چارەسەر و زۆربەی کێشەکانیشی چارەسەر کردوە، توانیویەتی پێگەیەکی بالآ و ناوبانگ و سەرکەوتنێکی مەزن بەدەست بهێنێت، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نزیکەی ٣ ملیۆن بینەری هەیە، ئەگەر چی لە بەهاری تەمەنی گوزەر دەکا و نەگەشتۆتە ٢٧ ساڵ، بەڵام بەو ئەزموونەی لە ژیان بەدەستی هێناوە، زۆرێك لە کێشە باوەکانی ڕۆژگاری ئەمڕۆ چارەسەر دەکات.

گرنگی ئەم کتێبە لەوەدایە، عومەر وازی هێناوە لەباسکردنی بابەتەکان بەچەندین لاپەڕ و چەندین کتێب بکاتە سەرچاوەی قسەکانی، بەڵکو بە چەند وشەیەکی سادە و کورتبڕ زۆرترین مانا



Scanned with CamScanner

بە خوێنەر دەبەخشێت، وەك دەڵێن لە ڕووبارێکی گەورەدا تەنها گەوهەرەکانی دەرهێناوە و داپڕشتوە.

لەکۆتاییدا وەك خۆی دەڵێت ئەم وتانە هی کتێبەکان نین بەڵکو ئەزموونە و بینیومە و ڕازی تایبەت بە خۆمن، ڕەنگە من و تۆ جیاوازتر بین لەیەك دوو شوێن لەگەڵیدا هاوڕا نەبین، ئەمەش هیچ لەگەوهەری وتەکان کەم ناکات، چونکە هەر یەکەمان بە جۆرێك لە ژیان دەڕوانین و جۆرێکی تایبەت بەخۆمان پەیڕەو دەکەین لە ژیان کردن .

بەهیوام ئەو کتێبە کەلەنێکی بچووکی لە دەلاقەی ڕۆحی مرۆڤە ماندووەکانی ئەم ڕۆژگارەی سارێژ کردبێت یاخود بۆ چەند ساتێك ئارامی کردبێتە میوانی دڵەکان .

ئومێدەوارم ئەم کتێبە قولینچکێکی ڕەفەی کوردەواری پڕکردبێتەوە.

**زامدار قادری**

**٢٠١٨\٩\١٤**

Zamdarqadri١٩٩٠@gmail.com

Facebook/ zamdar qadri



Scanned with CamScanner

# پێشەکی نووسەر:

سوپاس و ستایش بۆ پەروەرێنی جیهانیان، سەلات و سەلام بڕژێ بەسەر حەزرەتی خۆشەویستمان موحەمەد ( سەلامی خودای لەسەربێت) ... پاشان

ئەو کتێبە هەندێك لە ڕازەکانی خۆمە نووسیمن بۆ ئەوەی ڕۆحی هەموو کەس بەهێز بکەم بە پشتیوانی پەروەردگار، وە بۆ ئەوەش لە پەروەردگار نزیکمان بکاتەوە.

لەوانەیە بپرسن من چۆن ئەو ڕازانە دەنووسم، وەك ئەوەی بە ساڵاچوویەکی دنیادیتەبم؟!

من تەمەنم بچووکە، بەڵام هەر لە منداڵییەوە تاقی کردنەوەی قورسم بەسەر هاتووە، هەندێ شت هەن تەنیا پەروەرێن دەیزانێت، هەندێك ڕووداو بەسەرمدا هاتوون کە چیاکان لەبەری دەلەرزن، بەڵام پەروەردگار هێز و دەسەڵاتی پێ بەخشیوم، و یارمەتی داوم لە مامەڵەکردن لەگەڵی و تێپەڕاندنی هەروەها وەرگرتنی پەند و ئامۆژگاری لێیانەوە.

ئەو ڕازانە بخوێننەوە و باش لێی ڕابمێنن، لەبەر ئەوەی ئەگەر لە وشەکانی ڕامان، ئارامی و ئاسودەیی بەدەست دەهێنن و هێزێکی ئەرێنی وەردەگرن بە پشتیوانی خودا.

عومەر ئالی عۆزە



Scanned with CamScanner

خۆت لەشوێنی من دابنێ. حسابی وشە بە وشەکانت بکە، کە دەیلێیت بە کەسەکانی چواردەورت.

لە خۆت بپرسە: ئایە خۆت ئەو وشەیە قبوول دەکەی، وە بۆ خۆت رازی دەبیت کەپێت بگوترێت؟

ئایا دەکرێ ئەو وشەیە بریندارت بکات یان هەستەکانت ئازاربدات؟

ئەگەر لەوە دڵنیا بویتەوە، وەخۆت لە شوێنی کەسی گوێگر دانا، ئەوا تۆ کەس لەدەست نادەیت.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

ئەجەل لە لای پەروەردگار دیاری کراوە، بۆیە مەترسە.

هەموو شتێك نووسراوە لای پەروەردگار، ئەگەر هاتوو هەموو جیهانی مرۆیی و جنیی و ئاژەڵیی و چیاكان و دەریاكان كۆببنەوە بۆ ئەوەی زیانێكت پێ بگەیەنن، ناتوانن.

تەنها ئەوە نەبێت كە پەروەردگار لەپەڕاوی تۆی نووسیوە، بۆیە هیچ پێویست بە ترس ناكات، متمانەت بەخۆت هەبێت.

***        ***        ***



Scanned with CamScanner

لە جوانترین ئاواتەکانی ژیانت خۆشەویستەکەتە، ئەوەی هەموو کات لەبیرکردنەوەکانی مێشکت دەیدۆزیتەوە، هیچت ناوێت جگە لەوەی لەگەڵی بمێنیتەوە.

ئەگەر ئەو خەونەت بەدیهات، ئەوا هەموو ئاواتەکانی تر لە دەست دەدەیت کە لەدوای دێن، چونکە دەزانیت ئەگەر ئەو ئاواتەت بێتە دی کە لووتکەی ئاواتەکانتە، تۆ دەبیتە پادشایەکی گەورە لەگەڵ شازادەی خەونەکانت.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

جوانە ئەگەر نەفسی بەرزت هەبێت، بەڵێ زۆریش جوانە.

بەڵام زۆرێک لە خەڵکی وادەزانن کە خۆبەگەورەزانی و ڕەچاونەکردنی هەستی کەسانیترە.

وا گومان دەبەن گرنگی نەدان بە هەر کەسێکی دەوربەریان نەفس بەرزییە!

ئەوە بێگومان بیروباوەڕێکی قێزەوەنە و کارەساتە لەبەرئەوەی خۆت و پەیوەندیت بەکەسانی دەوروبەر دەپچڕێنیت.

نەفس بەرزی بریتییە لە چەسپاوی و دامەزراوی لەکاتی خەم و ترس و پێویستی.

واتە زۆر بەکورتی:

(ڕێزوشکۆم زۆر چاکتر و باشتر و باڵاترە لە ئامادەبوون و وجودم)

لەبەرئەوەی مردنم بە ڕێزوشکۆوە، زۆر باشترە لە ژیانم بەبێ شکۆ.

لەبێ باوکێك مەپرسە، هۆکاری مردنی باوکی.

لەهەژارێك مەپرسە، هۆکاری هەژاربوونی.

لەدیلێك مەپرسە، هۆکاری گیرانی.



Scanned with CamScanner

راستە ئەوانە تەنها پرسیار گەلێکن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو پرسیارانە چەکێکن، ئازار و ئەشکەنجەیان دەدات، زیاتر لە ئازاری بێ باوکی و هەژاری و بەدیلگرتن.

***     ***     ***



Scanned with CamScanner

ببەخشە لەپێناو خودا، ببوورە لەپێناو خوا، بەڵام ئەگەر کەسەکە یەکێك لەم جۆرانە بوو، هەرگیز لە دڵتدا لە پێگەی پێشووتری دامەنێ:

١ـ خیانەتکار.

٢ـ ستەمکار.

٣ـ فێڵباز.

چونکە ئەوان نکۆڵیان لە هەموو چاکە و بەخشندەیی تۆ کرد، بزانە ئەوان تۆیان لە دەست داوە، نەوەك تۆ ئەوانت لەدەست دابێت.

بۆیە ئارامبە.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

پەروەردگار دەزانێت کە تۆ دڵتەنگی و ئاستەنگ کەوتۆتە بەردەم کارەکانت و ستەمت لێ کراوە و دڵت خوێنی لێ دەچۆڕێت.

بەڵام بزانە کە پەروەردگار دەیەوێت کاتێك تۆ ڕوو لەبارەگای ئەو دەکەیت، لەو کاتەدا دڵشکاو و ملکەچ دیاربیت لەبەرامبەریدا، بۆیە ئەوکات واز لە خەمباری بێنە.

دڵنیابە هەرگیز ئەو دڵ و دەستە نائومێد نابێت کە بۆ دەرگای پەروەردگار بەرزکرابێتەوە و پەنای هێنابێتە بەر ئەو، لە کاتێکدا کە شکاوە.

پەروەردگار هەرگیز نایەوێ بەندەکەی دڵتەنگ بێت. بەڵکو پەروەردگار ئەو خەمەی پێبەخشیویت تا گوێی لە دەنگت بێت، دڵنیابە بەزووترین کات ڕزگارت دەکات چونکە ئەو پشتیوانی تۆیە، بەڵێ چاکترین پشتیوانە.

***     ***     ***



Scanned with CamScanner

لە هەموو بارودۆخەکان (ئیستخارە)[1] و ڕاوێژ بە پەروەردگارت بکە.

لەبەر ئەوەی تۆ نازانی پێویستیەکەت خێر و خۆشی بۆتۆ تێدایە یان بەڵا و نارەحەتی؟!

بەڵام کاتێ ئیستخارەت بەو کرد، ئەوا پەروەردگارت کردۆتە پەناگە و متمانەت بەوە.

بۆیە هاوەڵان (خودا لێیان ڕازی بێت) هەرگیز تەرکیان نەکردوە جا لە کارە ئاسانەکان یان قورسەکان.

***     ***     ***

---

[1] (ئیستیخارە: دووڕکات نوێژە لە کاتی ڕاوێژکردن بە پەروەردگار دەکرێت، بۆ ڕونکردنەوەی چاکی و خراپی کارێك)

دوو شت هەن هەرگیز لای کەس باسیان مەکە :

١ـ چاکەت لەگەڵ خەڵکی ، چونکە دەبێتە منەتکردن بەسەر خەڵك و ڕق لێبونەوەیان.

٢ـ خراپەی خەڵکی بەرامبەرت، چونکە دەبێتە مایەی سوك بوون و بێ هەیبەت بوون بەرامبەر خەڵك.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

هـەمووان دەزانـین پـەروەردگار توورەدەبێـت و میهرەبـانیش دەبێت بەڵام بزانە کە

١ـ خوای گەورە شەرم لەبەندەی خۆی دەکات!

سلمان فارسی (خـودای لێـی رازی بێـت) گێڕاویەتـەوە: ئازیزمـان (سـەلامی خـودای لەسـەر بێـت ) فەرمووویـەتی: خـوای ئێـوە بـۆ هەمیشـە خـاوەن شـەرم و بەخشـندەیە، شـەرم لـە بەندەیـەکی دەکات کە دەستی بۆ لای ئەو بەرز کردۆتەوە، ئەمیش بەبێ هـیچ بەخشینێك رەتی بکاتەوە و نائومێدی بکات. ئەحمەد ، ئـەبوداود ، ترمزی ، ئیبنو ماجە ریوایەتیان کردوە.

٢ـ خوای گەورە بۆ بەندەکەی پێدەکەنێت!

لە ئەبو دەرداو (خوای لێ رازی بێت) هـاتووە: حـەزرەتی ئـازیز ( سـەلامی خـودای لەسـەربێت ) فەرمویـەتی: پـەروەردگاری مـەزن سـێ کەسـی خۆشـدەوێت و بۆیـان پێدەکـەنێت وە مـژدەیان پـێ دەدات خـوای گـەورە دەفـەرموێت : ..... ئینجـا ئـەو کەسـەی خێزانێکی جوانی هەیە ، و پێخەفێکی نـەرمی هەیـە ، شـەوان بۆ شـەونوێژ هەڵدەسـتێت و ئارەزووەکـانی جـێ دەهێڵێـت و یـادم دەکـات و لەدڵـەوە داوام لـێ دەکـات و دەپارێتـەوە لـێم ئەگـەر بیویستایە دەخەوت. حاکم و بەیهەقی ریوایەتیان کردوە.

٣ـ خوای گەورە غیرە لەبەندەکەی دەکات ؟



Scanned with CamScanner

لە ئەبی هورەیرە (خوای لیٚ رازی بێت) لە پێغەمبەر گیانەوە (سەلامی خودای لەسەربێت) کە فەرموویەتی : خوای گەورە غیرە دەکات، کاتێکیش غیرەی خوداش لەبەندەکەی بەدیار دەکەوێت کە هەستێت بەئەنجامدانی کارێك کە حەرام کراوە. بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردوە.

پەروەردگار شەرم و پێکەنین و غیرە دەکات بە جۆرێك کە شایەن بە خوایەتی خۆی بێت ( نەوەك وەکو ئێمە دەم و ددان و ئەو ئەندامانەی هەبێت، بەلکو هیچ جۆرە خەیاڵێکیش ناگات بەو شێوازە، حاشا خودا لە هەموو خەیاڵێك دوورە، تاکو دوور بین لە بیرۆکەی موجەسیمەکان : وەرگێڕ )

پەروەردگار دەفەرمووێ: (لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ * وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ)

هیچ شتێك وێنەی خودا نییە و خودا خودایەکی بیسەر و بینایە.

بۆیە هەرگیز لە پەروەردگارێك نائومێد نابین کە شەرممان لیٚ بکات و بەڕووماندا پێبکەنێت و غیرەمان لیٚ بکات. جل جلالە.

***        ***        ***



Scanned with CamScanner

ئەگەر دڵ تەنگ بوویت!

ئەوا بەم ئایەتە گفتوگۆی لەگەڵ بکە: ( لَا تَحْزَنْ إِنَّ اللَّهَ مَعَنَا فَأَنْزَلَ اللَّهُ سَكِينَتَهُ عَلَيْهِ ) ( مەترسە پەروەردگارمان لەگەڵە، ئینجا ڕەحمەت و ئارامی پەروەردگار دابەزیە سەریان )

ئەگەر نەفست داوای گوناه و سەرپێچی لێ کردیت!

ئەوا بەم ئایەتە گفتوگۆی لەگەڵ بکە: ( قُلْ أَذَلِكَ خَيْرٌ أَمْ جَنَّةُ الْخُلْدِ الَّتِي وُعِدَ الْمُتَّقُونَ ) ( پێیان بڵێ: ئەمە بۆ ئەوان چاکترە یان بەهەشتێکی نەبڕاوە و هەتا هەتایی کە دانراوە بۆ کەسانی خۆپارێز لە گوناهـ )

ئەگەر خەم نائومێدی و خەفەت ڕووی تێکردی و خەڵك قسەیان لەسەر دەکردیت.

ئەوا بەو ئایەتە گفتوگۆ لەگەڵ خەم و خەفەتەکەت بکە: ( وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّكَ يَضِيقُ صَدْرُكَ بِمَا يَقُولُونَ فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَكُنْ مِنَ السَّاجِدِينَ ) (ئێمە دەزانین تۆ بەو قسانەی ئەوان دەیکەن بەرامبەر بە تۆ دڵت ئازار دەچێژێت، وازیان لێبێنە و یاد و سوپاسگوزاری خودا بەرز ڕابگرە و نوێژیکە و لەگەڵ سوجدەبەران دابە )

***  ***  ***



Scanned with CamScanner

خـۆت ڕادەسـتی نائومێـدی مەکـە، و نـەهێڵیت ئـەو کەسـانە کاریگەریان لەسەرت هەبێت و قەناعەتت پێ بێنن کە تۆ مرۆڤێکی لاوازی و توانات نییە  بۆ کردنی هیچ شتێك.

هەمیشە ئـەوەت لـەیادبێت پـەروەرێنی باڵادەست پـەروەردگاری تۆیە و تۆ بەندەی ئەوی، وە تـۆ جێنشـینی لەسـەر زەوی ئـەودا، ئەوەش بەسە بۆ ئەوەی تۆ هەست بە بەهێزی بکەیت.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

لەگـەڵ بیرکردنـەوەی خـەڵك مـەڕۆ بـۆ ڕووبەڕووبونـەوەی هـیچ ڕوودا‌وێك.

تەنیا ڕای خۆت هەبێت ، هەمیشـە حـەق بێژیـە، بـیروڕای خـەڵکی هەرگیز هاوسەنگ نین.

ئەقڵی خۆت لەگەڵ ئـەوان دامـەنێ و مەیکـە بـەهی ئـەوان، بـەڵکو هەردەم لەگەڵ حەق و ڕاستیدابە.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

**تۆ خۆت بە ئەرێنی یان نەرێنی نابینیت**

بۆئەوەی بزانی بەلای کامە دەستەدا دەچیت، سەیری ئەو کەسانەی دەوروبەرت بکە، تەماشای ئەو ژینگەیە بکە کە تێیدا دەژیت، ئەوان ئەو دەستەیەت بۆ دیاری دەکەن کە تۆ لەگەڵ کامیانیت.

پێداگریە لەسەر ئەوەی کەسانی دەوروبەرت کەسانی ئەرێنی بن، چونکە ئەوان وات لێ دەکەن بێ ویستی خۆت ئەرێنی بیت، هەروەها ئەگەر ئەوان نەرێنی بن دڵنیابە بێ ویستی خۆت تۆش نەرێنی دەبیت.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

وەك لاپەڕەیەكی سپی هەڵسوكەوت لەگەڵ خەڵك بكە، ئەگەر یەكێك هەڵەیەكی كرد، خاڵێكی ڕەش دابنێ، ئینجا سەیری ڕوویەرە سپیەكە بكە، دەبینیت هێشتا سپیەكە زاڵە، بۆیە لەگەڵی بژی.

بەڵام ئەگەر لەسەر هەڵەكانی بەردوام بوو و زیادەڕۆیی كرد! دەبینیت كە ڕوویەرە سپیەكە كەم دەبێتەوە، ئەو كات دڵنیابە كاتی ئەوە هاتووە لەو كەسە دووربكەویتەوەو جێیبهێڵیت.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

ئاگاداربه له تـوانج، چـونكه لـه خـراپترین شێوازی مامەڵەكردنـه، كاتێك تۆ دەڵێی كەسێك ئەو كاره و ئەم كـارەی كـرد و ئاوەهـا و ئەوەهای كرد! كەسێكەش لەلای تۆیـه، لەوكاتـه گومـان لـەخۆی دەكات، لەوكاتەدا لەبـەر كارەكـەی تـۆ ئـەو كەسـه هـەوڵ دەدات دوركەوێتەوه لەو دانیشـتنه، هەركـه دوركەوتـەوه لێـت، ئـەوا بـۆ هەمیشه دوردەكەوێتەوه و هەرگیز جارێكی تر گوێت بۆ ناگرێت.

***        ***        ***



Scanned with CamScanner

ئامۆژگاری بکەو ئابروی مەبە ٠

ئامۆژگاری خەڵك بکە بە شێواز و ڕەوشتێکی زۆر بەرز، دەستی بگرە با وا هەست بکات کە تۆ بەخۆشەویستییەوە ئامۆژگاری پێ دەدەیت نەوەك بە ڕقەوە، ئەگەریش هەڵەکانی دەربخەیت و ئابڕوی ببەیت لەپێش خەڵك و بڵێی: بۆچی لێم تووڕەبوو، خۆ من ئامۆژگاری دەکەم؟

ئەوا بزانە تۆ ئامۆژگاریت نەکرد بەڵکو ئابڕوت برد و ڕێز و شکۆی خۆت کەم کردەوە لای ئەو.

***        ***        ***



Scanned with CamScanner

کاتێك کەسێك هەڵەیەك دەکات، لەسەر خۆیەتی ئەو هەڵەیە، پێویست ناکات کە هەڵەکانی گشتگیر بکەی، یان بڵێی : خێزانەکەیشی ئاوان، یان خێزانەکەی باش پەروەردەیان نەکردوە، نوح ( سەلامی خودای لەسەر بێت ) باوەڕی بەخوا هەبوو، بەڵام کوڕەکەی سەرپێچی باوکی کرد و یاخی بوو لە فەرمانی خودا.

هۆز و گوند و شارەکەشی بەو مەبەستەوە، چونکە هەموو کەس بەرپرسیارە لە هەڵە و تاوانی خۆی لە ڕۆژی دوایی.

پەروەردگار لە ڕۆژی دوایی پرسیاری تاوانی کەسانی ترت لێ ناکات.

گشتگیریکردن زمانی کاڵ فامەکانە.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

خۆشەویستەکەت بە هۆی لەدەستدانی تۆوە ئازارناکێشێت، وە سۆزی بۆت ناجولێت، دلی سەبارەت بە غیرەکردن لێ نادات، چاوەکانی بەهۆی تۆوە فرمێسک نارێژن.

مەگەر لەبەر ئەوە نەبێت کە تۆی وەك دایك و باوك و خوشك و برا دانا، چونکە ئەو تۆی لەشوێنی ماڵ و خێزان و کەس و کاری داناوە. بۆیە تۆش وابە بۆی.

ئەو پلەیە پێی دەڵێن عەشقی هەتا هەتایی، بە کەم سەیری مەکە و شایەن بەگەورەیی و بەرز راگرتنە.

*** *** ***

ئەو کەسەی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتێك دەکات وەك ئەوە وایە توندوتیژی بەرامبەر گوڵێك بکات.

دەبینیت ئەو کەسە هیچ شکۆیەکی لەنێو پیاوان نییە.

دەبینیت کارەکانی وەکو کاری منداڵە و هەرگیز گەورە و تێگەیشتوو نابێت.

تەنها بە نووسینی سەر ناسنامەکەی کە نووسراوە نێر! نابێت بە پیاو.

***     ***     ***



Scanned with CamScanner

ئاگاداربە لە پەیوەندیەکانت لەگەڵ خەڵك، کەسە دوورەکان تانەیان مەترسیدار نییە. چونکە تانەی ئەوان لەمەودایەکی دوورەوە دێت.

بەڵام تانەی نزیکەکانت زۆر مەترسیدارترە.

چونکە لە مەودای زۆر نزیکەوە بۆت دێت.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

کەسێکت خۆشنەویَ لەبەر جوانی، چونکە دواتر پیر دەبێت.

کەسێکت خۆش نەویَ لەبەر قسە شیرینی، چونکە دواتر گازت لیَ دەگرێت.

کەسێکی ئارامگرت خۆش بویَ، چونکە لەگەڵت دەوەستێت.

کەسێکی نەرم ونیانت خۆش بویَ، چونکە شانازی پێوە دەکەیت.

کەسێکی بەقەناعەتت خۆش بویَ، لەبەرئەوەی تۆ ئاسودە دەبیت.

بەڵام عاشقی کەسێکبە کە ئایینەکەی خۆش دەوێت، چونکە لەگەڵت دەوەستێت و بەجێت ناهێلیَ و شانازی پێوەدەکەی و ئاسودە دەبیت بەدرێژایی ژیانت. بەڵیَ ئەوە پێشەنگێکی زۆر چاکە.

***　　***　　***



Scanned with CamScanner

ئەگـەر قسـەیان لـەبارەوە کردیـت کـە لـەتۆدا نـەبوو، ئـەوا زەردەخەنە بکە.

سولْتانی دڵـان (سـەلامی خـودای لەسـەربێت) لـە ڕێگا دەڕۆیـی هەنـدێك خـەڵك بـەلای دا تێپـەڕین و پێیـانگوت: سـەرکۆنەکراو و شێت.

نازدارمان چ کارێکی کرد (بەدایك و باوکەوە بەقوربانی بم)؟!

پێکەنی و تێپەڕی.

نرخی خۆیانی پێدان و تێپەڕی.

لە کەسایەتی خـۆت کـەم مەکـەوە و وەڵـامی گەمـژەکان مـەدەوە لەبەرئەوەی تۆ گەورەتر و پاکتری لە گەمژەیی ئەوان.

با قسە پڕوپوچەکانیان ببێتە سـووکایەتی و گاڵتـە بـەخۆیان ... بە سادەیی تەنها زەردەخەنە بکە.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

گوێ لەو کەسە بگرە کە لۆمەت دەکات لەسەر کارە خراپەکانت، چونکە ئەو دڵی سپیە و هیچ شتێکت لێ ناشارێتەوە.

بزانە لۆمەکردن زمانی خۆشەویستانە.

***     ***     ***



Scanned with CamScanner

هەندێ کات ناتەوێ بۆ کەسێك دەربخەی کە تۆ تورەی لێی تاوەکو تورەنەبێت بەتورەبونەکەی تۆ.

هەوڵدەدەی بەپێی توانات نیشانەکانی تورەیی لە روخسارت بشاریەوە، یان برۆی بۆ جێگایەکی دوور و زۆر بیر بکەیەوە، زۆر دووریکەوە... بەڵام من دەمەوێت کە بێدەنگیەکەت و بیرکردنەوەکانت بگۆرێت بە چرپەکردن، چرپەکردن بۆ پەروەرێنت، ئەوکات دەبینیت کە پەروەردگار ئەو لادەبات وەك ئەوەی بچرپێنێت بەگوێتدا و بڵێ: ئەی بەندەکەم، ئارامبە.

هەست بە لەززەتی گفتوگۆ بکە لەگەڵ پەروەردگاری پڕ لە جوانی خۆت، پاك و بێگەردی بۆ پەروەردگار کە دەستی بەرز کراوە بۆ لای خۆی، هەرگیز رەت ناکاتەوە.

***     ***     ***

ئەگەر کەسێکت خۆشویست و بینیت هەڵسوکەوت و ڕەفتاری لەگەڵت گۆڕاوە و گرنگی پێدانی بۆت کەم بۆتەوە، لەهەمان کات تێبینیت کرد، ئەو بە هەر هۆکارێك بێت هەوڵی دورکەوتنەوە لە تۆ دەدات، ئەوا تۆش پێیەوە پەیوەست مەبە و بەجیابونەوەی دڵتەنگ مەبە، چونکە پەروەردگار هۆکارێکی هەیە بۆ ئەوەی لێتی دووربخاتەوە، دڵنیابە باشترینی بۆ تۆ دەوێت. تەنیا متمانەت بە پەروەردگارت هەبێت، ئەو یاسایە پەیڕەو بکە: هەرگیز خۆت پەیوەست مەکە بە هیچ کەسێك. ئینجا ئەو یاسایەش پەیڕەو بکە: ڕێز و گەورەیی تۆ لەسەروو هەموشتێکە، لە هەموو شتێکیش گرنگترە.

لە کۆتاییدا هەر کەسێك تۆی خۆشبوێت دێتە لات، ئەگەر ئەستەمیش بێت... (تەواو).

*** *** ***

دابونەریت و ئایینەکەت دروستن، کەوابوو تۆ بۆچی سەرەڕۆ و کەلەڕەقی دەکەی؟!

***        ***        ***



Scanned with CamScanner

قسەکانمان زۆرن، کارەکانیشمان یان ڕاستیی قسەکانمان دەسەلمێنێت یان پێچەوانەکەی.

هەمیشە چاودێری ئەو کەسانە بکە کە قسە دەکەن، ئینجا چاودێری کارەکانی بکە، ببینە کە گونجاوە لەگەڵ قسەکەی یان نا، لەبەر ئەوەی زۆرێك لە خەڵکی کاتێك بە کەسێك دەڵێن (خۆشم دەوێی و ناتوانم بەبێ تۆ بژیم) لەهەمان کاتدا دەبینی بەبێ ئەو زۆر بە دڵخۆشی دەژین.

کەواتە هیچ سودێك لەقسەی شیرین و هەنگوینیدا نییە ئەگەر هاتوو قسەکانت لەگەڵ کردارەکانت یەکنەگرنەوە.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

نەتـەوەكان گـەورەترین هێـزن لەسـەر زەوی، بەداخـەوە دەبـینی هەنـدێك نەتـەوە نـەقڵیان بەتاڵـە و نـە كـار دەكـەن و نـەپێش دەكـەون، لەهــەمان كــات دەبــینی هەنــدێك گــەل نــەقڵیان داهێنەرانەیـە و پـێش دەكـەون و لـە هیچدا شـتی نـوێ دروسـت دەكەن.

پەروەردگار ئێمەی دروست كردوە بۆ ئەوەی بەیەك ئومـەت بـژین و جێنشینی ئەو بین لەسەر زەویەكەی.

با ببین بەیـەك دەسـت، ئەگـەر سـەركەوتن و سـەرفرازیمان بوێـت بەئاسـانی بەدەسـتی دێـنین، چـونكە ئێمـە بـەهێزترین گـەل و نەتەوەی ئەوین لەسەر زەوی.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

کاتێ تۆ لەباری بێ دەسەڵاتی دابوویت و سەرت سوڕما لەوەی خەڵك ئازاریان دایت؟

چاك بزانە شێر کاتێك دەکەوێتە تەڵە تەنانەت مشکیش دەتوانێت لێی بدات، بەڵام تۆ ئەوکات هێز و شکۆی خۆت دەبینیت، کاتێك ماوەی بێ دەسەڵاتیت کۆتایی هات ... بۆیە ئارامبە.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

## کێ لەئێمە خۆشەویستی ناکات!

(هـەموومان خۆشەویـستی دەکـەین) بـاوەڕدار و کـافر، پیـاو و ئافرەت، تەنانەت حەزرەتی نازداری دڵان (سەلامی خودای لەسەر بێـت) هەسـتی خۆشەویـستی هـەبوو. لـەنێوان ئـەو و حـەزرەتی خدیجـە (خـودای لـێ رازی بێـت ) چـیرۆکی خۆشەویـستیەکی زۆرجوان هەیە، چیرۆکێك بە ئاوی زێڕ دەنووسرێت، لەبەر ئـەوەی خۆشەویستی ئەوان پاك و مەردانە بوو، نەك وەکو خۆشەویستی خـەیاڵاوی ئـەو سـەردەمە (مەگـەر ئـەو کەسـەی خـوا رەحمـی پێکردبێـت) لەبەرئـەوەی خۆشەویـستییەکانی ئـەمڕۆ تـەنیا بنیاتنراوە لەسەر بنەمای هەوەس و تێرکردنی ئارەزووەکان، هەر بۆیە زوو پەرت و بڵاودەبن و لێك جیا دەبنەوە.

یاسایەك لـەمن وەرگـرە: ( کەسـێك تـۆی خـۆش بوێت بە چاوی ئارەزوو و هەواوە سەیرت ناکات، بەڵکو لەتۆدا خۆشەویستییەکی پاك و شکۆمەند و عیشقێکی هەتا هەتایی دەبینێت).

*** *** ***



Scanned with CamScanner

گوتیـان : ئـەی ئیـبراهیم ئایـا تـۆ لـە دیمەنـەکانی ڕۆژی دوایی دەترسی

گوتی: بەلێ، گوتیان: ئەی خەلیلیەکەت؟ گوتی: ناخۆشیەکان و سەختی قیامەت، خەلیلیەکەم لەبیر دەباتەوە.

تەنانـەت گـەورەمان موسـا (سـەلامی خـودای لەسـەر بێـت) دەفەرموێت: خوایە گیان من داوات لێ ناکەم بۆ هارونی برام.

وە گەورەمان عیسا (سەلامی خودای لەسەر بێت) دەفـەرموێت: خوایە گیان من بۆ مریەمی دایکم داوات لێ ناکەم.

وە گەورەمان ئیبراهیم (سەلامی خودای لەسەر بێت) دەفەرموێت: خوایە گیان من بۆ ئیسماعیلی کوڕم داوات لێ ناکەم.

(لِكُلِّ امْرِئٍ مِنْهُمْ يَوْمَئِذٍ شَأْنٌ يُغْنِيهِ) (لەو ڕۆژەدا هەر کەس لەوانە ئەوەندە سەرگەرمی کێشەی خۆیـەتی، ناتوانێت فریـای کەسیتر بکەوێت). لەو ڕۆژەدا تـەنیا حـەزرەتی سـولتانی دڵـان ( سـەلامی خودای لەسەربێت ) ڕاگیراوە و چەسپاوە.

(عَسَىٰ أَن يَبْعَثَكَ رَبُّكَ مَقَامًا مَّحْمُودًا) (بـۆ ئـەوەی پـەروەردگارت بتخاتە شوێن و جێگەیەکی بەڕێزەوە کە تیایدا سوپاسکراوبێت).

هـەموو پێغەمبـەران و فریشـتە نزیکـەکان لـەو ڕۆژەدا نـزاو پاڕانەوەیانە و دەڵێن: خوایە گیـان سـەلامەتم بکـە، خوایـە گیان سەلامەتم بکـە. تـەنیا ئـازیزی ئێمـە موحەمـەد (سـەلامی خودای

لەسەریێت) نەبێت، ئەو دەفەرمووێ: خوایە گیان ئومەتەکەم، خوایە گیان ئومەتەکەم.

ئایا ئەو پێغەمبەرە فەرامۆش دەکرێ؟ ئایا سونەت و ڕێبازی ئەو پێغەمبەرە فەرامۆش دەکرێ؟

خوایە گیان سەڵات و سەلام و ڕەحمەت و میهرەبانیت بڕژێنە بەسەر گەورە و سەردارمان حەزرەتی موحەمەد.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

بۆ هیچ کەسێکی دەرمەخە تۆ راستگۆی، تەنها کەسێك نەبێت ک خۆشتدەوێت.

بۆی دەرخە، ئەگەر گوێی لێ نەگرتیت و باوەڕی پێ نەکردیت، (فەرامۆشیکە)، بەڵام بۆ ئەوانی تر ناچارنیت بە ئەو و ئەو بڵێیت کە تۆ راستگۆیت، لەسەر نێوچەوانت نەنووسراوە (درۆزن).

کەسێك باوەڕت پێبکات هەموو کات لەگەڵت دەمێنێتەوە.

کەسێکیش باوەڕت پێنەکات ئەوا بۆ چەندین ساڵ بێتاقەتت دەکات.

*** *** ***

ژیانێکی درێژ دەژیت ئەگەر خودا بیەوێت، بەڵام وەك تەماشاکەر نا، وەك ئەوەی جیهان لەبەردەمت شانۆیەك بێت.

فێربە، کاربکە، بخوێنەوە، بۆ ئەوەی سەختییەکانی ژیان تێبپەڕێنیت. بۆ نمونە پێویستە فێری چۆن مامەڵە لەگەڵ ناخۆشییەکان بکەی پێش ئەوەی ڕووبەڕووی ببیتەوە، چونکە ئەگەر پێشتر فێربوو بیت ئەوکات ناخۆشییەکان لەسەرت ئاسان دەبن.

بۆیە تەماشاکەر مەبە دواتر شکست بێنیت.

***   ***   ***



Scanned with CamScanner

پەشیمانی زۆر جوانـە، چـونکە نیشـانی دەدات ئـەو ویژدانـەی لـە ناخی تۆ هەیە هێشتا زیندووە.

ئەگەر هەستت بـە پەشـیمانی کـرد لـە تاوانێـك، ئـەوا ئاسـودەبە، زۆرباشیت.

پـەروەردگار ئـەو بەندانـەی خۆشـدەوێت کـە دان بـە هەڵـە و تاوانەکانییان دەنێن.

داوای لێبوردن لەو کەسانە بکە کە هەڵەت بەرامبـەر ئەنجامـداون، چونکە ئەو کارە دەتکا بە کەسێکی ئازا.

ئازیزمان ( سەلامی خودای لەسـەر بێـت ) بەخاکەڕایـەوە وەفـاتی فەرموو، کەوایە بۆ ئێمە خۆبەزلزانبین؟!

چیت پێشکەشی پەروەردگار کردوە تاکو خۆت بەزلبزانیت؟!

شـیرینی دڵـان ( سـەلامی خـودای لەسـەر بێـت ) لـە ئێمـە زۆر چاکتربوو، کەچی خـۆی بـەزل نـەدەزانی. بـەڵکو ئـەو چاکترینی مرۆڤەکان بوو لە خاکەڕایی و هەموو شتێکدا.

بە دایك و باوکەوە بە قوربانت بم.

بیانبەخشـە و خاکەڕابـە. بـەهیچ جۆرێـك خـۆت بـەزل مەزانـە، لێگەڕێ ویژدانت بژی.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

ئازار بچێژە بۆ ئەوەی فێربیت.

ئەو ژیانەی ئێمە قوتابخانەیەکە وانە و پەندمان پێدەدات.

لات نامۆ نەبێت نزیکترین کەست ناپاکیت لەگەڵ بکات، هەرگیز لات نامۆ نەبێت.

لە ڕۆژگاری سەرسوڕهێنەری ئەمڕۆدا نائومێدی و جێهێشتن و پچڕانی پەیوەندیەکان یەکجار زۆرن.

یەکەمجار ئازار بچێژە تاوەکو بزانیت لە کۆتایی چۆن مامەڵە دەکەیت.

چەند ڕۆژ یان چەند ساتێکن لەناویان هەست بەوە دەکەیت ئەم دونیا چەندە بێ بایەخە.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

خێزانەکەت نیعمەتی پەروەردگارن، بگرە چاکترین و گەورەترین و بەرزترین نیعمەتن کە پێت بەخشراوە، هەمیشە ئارامیی دەروونی و ئاسودەیی لە دانیشتن و قسەکردنیان بەدەست دەهێنیت.

خەڵکی زۆر هەن لەم دونیایەدا کە خێزانەکانیان لەدەست داوە و ئاواتیانە ڕۆژێك دونیا بگەڕێتەوە دواوە، تاوەکو چێژ و خۆشی لەو ساتانە وەرگرن کە لەگەڵیانن، دانیشتوون لەگەڵیان و قسەیان لەگەڵ دەکەن.

چەندە ئاواتەخوازن ئەو کەسانەی لە نیعمەتی خێزان بێبەشن، خێزانێکیان هەبووایە تاوەکو لەگەڵیان بژین. ئاواتەخوازن کە بگەڕێنەوە.

خێزانەکەت ئەگەر مامەڵەیان لەگەڵت ڕەقبوو، دڵنیابە خۆشیاندەوێیت، چاکبزانە مامەڵەی ڕەقی ئەوان تەنیا لەبەر بەرژەوەندی و چاکەی تۆیە.

وا تێمەگە ئەوان لە دوژمنکاری تۆ وادەکەن، بگرە ڕێك پێچەوانەکەیەتی.

ڕەقی ئەوان بەڵگەی ئەوەیە کە دەیانەوێت بەرەو ڕێگای ڕاست ئاڕاستەت بکەن.

ئەوان ڕاوێژکارێکی زۆر مەزنن کە بە پارە نانرخێندرێن، بۆیە لەگەڵیان لێبوردەبە و گوێڕایەڵیان بکە، چونکە ئەگەر لە ژیان ڕۆشتن ئەوا دڵخۆشیش لەگەڵیان دەڕوات.

***　　***　　***



Scanned with CamScanner

بەڵام بیرکەوە و قووڵبەوە و بزانە پەروەردگاری عەزیم لەسەروی تۆیە، لەو کاتەدا ئاسودە دەبیت و دەڵێیت: پەروەردگار لەگەڵ زوڵم لێکراوان و هەموو دڵ بەغەمێك دایە.

ئینجا ڕۆشنایەك لە دڵت دادەگیرسێت، دوای ئەوەی پڕ بوو لە تاریکایی ئەنگوستەچاو، پشتیوان بەخوا هەموو شتێك بەباشی دەڕوات.

پەروەردگاری میهرەبان فەرموویەتی: (إِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا) (بێگومان لەگەڵ تەنگانەدا خۆشی و ئاسودەیی دێت)

*** *** ***



Scanned with CamScanner

بێدەنگی جوانە، تێبینی ئەوە بکە کاتێک لە بەرامبەرت شتێکی جوان دەبینیت بێدەنگ دەبیت.

لە کاتی ڕامان. بۆ نمونە کاتێک ڕادەمێنیت لەدروستکراوەکانی پەروەردگار. لەگەورەیی پەروەردگار ڕادەمێنیت کاتێک زەوی و ئاسمانی دروست کردوە بەبێ هیچ ڕاگیرێک، هەروەها چیاکان و دەریاکان، بێدەنگ دەبیت لەبەر جوانی تێڕامان.

بێدەنگی چاکیی زۆری تێدایە.

بۆ نمونە کاتێک تووڕە دەبیت، بێدەنگی چاکترین شتە کە ئەنجامیدەیت لەوەی قسەیەکی دڵ بریندارکەر بکەیت، لەوانەیە کەسانی زۆرت لەدەست دابێت بەهۆی بێدەنگ نەبوونت!

دوایی دەڵێی: خۆزگە ئەوکاتە بێدەنگ بووبام.

بێدەنگی دەرگایەکی گەورەی چاکەیە، حەزرەتی خۆشەویست (سەلامی خودای لەسەر بێت) دەفەرمووێ: (قسەی باش بکە، یان بێدەنگبە)

سەمماکی کوڕی حەربەوە گوتویەتی: بە جابری کوڕی سەمرەم گوت: ئایا لەگەڵ ئازیزمان (سەلامی خوای لەسەر بێت) دانیشتوی؟

گوتی: بەڵێ، زۆر بێدەنگ بوو، کەم پێدەکەنی ، کاتێکیش هاوەڵان شعر یان باسی ژیانی تایبەتی خۆیان لە خزمەت بگوتبا،



Scanned with CamScanner

هاوه‌ڵـان پێده‌کـه‌نین ئـه‌ویش هه‌نـدێك زه‌رده‌خه‌نـه‌ی ده‌کـرد. ئه‌حمه‌د، ته‌به‌ڕانی گێڕاویانه‌وه.

ئیبن بریده گوتی: ئیبن عه‌باسم بینی زمـانی گرتبـوو، ده‌یگوت: هاوار بۆ خۆت، چاکه بڵێ سه‌رکه‌وتوو ده‌بیت، بێده‌نگبه له خراپه پارێزراو ده‌بیت، ده‌نا بزانه په‌شیمان ده‌بیه‌وه.

پیاوێـك بـه سـه‌لمانی فارسـی (خـودا لێـی ڕازی بێـت) گـوت: ئامۆژگاریم بکه.

گوتی: قسه مه‌که.

پیاوه‌که گوتی: چۆن پیاو ده‌توانێت ئارام بگرێت و قسه نه‌کات!

سـه‌لمان (خـوای لێـی ڕازی بێـت) گـوتی: ئه‌گـه‌ر ئـارام ناگریـت له‌قسـه‌کردن، ئـه‌وا قسـه مه‌کـه تـه‌نها به‌چاکه نـه‌بێت، وه‌گـه‌رنا بێده‌نگ به. ئیبن ئه‌بی دنیا ڕیوایه‌تی کردوه.

باتۆزێـك بـیر لـه‌قورئانی پـیرۆز بکه‌ینـه‌وه لـه‌باره‌ی جـوانی بێده‌نگیه‌وه.

زه‌که‌ریا (سه‌لامی خودای له‌سه‌ربێت) به په‌روه‌ردگاری گوت:

په‌روه‌ردگار چـی بـه زه‌کـه‌ریا (سـه‌لامی خـودای لـه‌سـه‌ربێت) فه‌رمووی؟

پەروەردگار فەرمووی: (قَالَ آيَتُكَ أَلَّا تُكَلِّمَ النَّاسَ ثَلَاثَ لَيَالٍ سَوِيًّا)

واتە کە زمانت ببەستی و سێ شەو قسە نەکەیت بە بوونی هیچ نەخۆشی و ناتەواویەك. تەفسیری ئیبن کەسیر

لەسورەتی ئالی عیمران پەروەردگار دەفەرمووێت (قَالَ رَبِّ اجْعَلْ لِي آيَةً قَالَ آيَتُكَ أَلَّا تُكَلِّمَ النَّاسَ ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ إِلَّا رَمْزًا وَاذْكُرْ رَبَّكَ كَثِيرًا وَسَبِّحْ بِالْعَشِيِّ وَالْإِبْكَارِ)

ئەوە بەلگەیە لەسەر ئەوەی لەو سێ شەو و ڕۆژەدا هیچ قسەیەکی نەکرد و قەدەغەکرا لە قسەکردن، بەڵام زیاتر یاد و زیکری پەروەردگاری دەکرد.

با زیاتر ڕابمێنین.

ئێمە زۆر کەمتەرخەمین لەیاد و زیکری پەروەردگار ئەگەر لە فەرمایشتەکانی پەروەردگار وردبینەوە دەبینین کە خێر و بەرەکەت لەڕزق و ماڵ و منداڵ و هەموو شتێك دەبینیتەوە، ئەگەر یاد و زیکری پەروەردگار زۆر بکەیت.

بۆیە هەمیشە زۆر یاد و زکری پەروەردگار بکە و بێدەنگی زیاتر هەڵبژێرە، چونکە ئەوە باشترین و گەورەترین دەرگای چاکەیە.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

### ◀ ئارام به

ئەگـەر دەوری خـۆت داوە بەخـەڵكانێك كـە هانـت دەدەن و یارمەتیت دەدەن بۆ پێگەیاندنی خۆت، دڵنیابە سەركەوتوو دەبی لـە هـەموو كارێـك بـەهۆی ئەوانـەوە دەبیـە باشـترین و دەبیتـە كەسێكی زۆر مەزن.

وە لەلایەكی تر ئەگەر دەوری خۆت داوە بەخـەڵكانێك كـە دەبنـە هـۆی هـەرەس هێنانـت. هـەموو هۆكـار و ڕێگریـەكانت نیشـان دەدەن، بـۆ ئـەوەی وات لـێ بكـەن سـەركەوتوو نـەبیت و بـەهێز نەبیت و پێت دەڵێن كـە تـۆ توانـات نییـە و تـۆ بـەپێی پێویسـت بەهێزنییت.

بەڕاستی ئەو كەسانە كارەساتن.

ئەگەر دەوری خۆت گرتوە بەو كەسە خراپانە، دڵنیابـە لـە چركە ساتێكدا تۆش وەكو ئەوان خراپ دەبیت.

بۆیە دەنگی ناخت زۆر بەهێزە هێنـدە بـەهێزە بـەرد ورد و خـاش دەكات.

ئەو كارەبكە كە دەتەوێت بیكەیت، بژی بەو جۆرەی كە دەتەوێت جگە لەو كارانەی پەروەردگار قەدەغەی كـردوە، بۆیـە بـەخێرایی هەوڵ بدە بۆ كردنی ئـەو كـارەی كـە دەتـەوێت. یـان هـەر شـتێك هەوڵی فێربوونی بدەیت، یان لێزانینێكی نـوێ بتـەوێت بەدەسـتی بخەیت.



Scanned with CamScanner

بــه قۆنــاغ بەنــدی دەســت پێبکــه، لەســەرەتادا کارەکــان زۆر زەحمــەت دەبــن بــەڵام تەسـلیم مەبــه، ڕۆحــی مـرۆڤ زۆر لـەوە گەورەترە کە بیری لێ دەکەیتەوە.

ڕاهێنان بکە، ئەگەر بەردەوام بوویت لە ڕاهێنان بۆ ئەوکارەی کـە دەتــەوێت باشــتر و باشــتریش دەبیــت، بــە خێرایــی بــۆت ڕوون دەبێتەوە کە بەو جۆرە ئەستەم نـەبووە کـە پێشـووتر خـەیاڵت دەکرد.

کۆمەڵێك ئەنجامی زۆرباش دەبینیت بە پشتیوان خودا

هێـزە گەورەکـەی خـۆت لـەناخت بچێنە، بیچێنە و زۆر پــەرەی پێبدە.

خـەڵك ڕوخێنــەرن (تــەنیا ئەوانــە نــەبێت کـە خـودا ڕەحمــی پــێ کردوون)

پێت دەڵێن: نەخێر، نەخێر، نەخێر... هەموو هۆکارەکانی ڕێگـرن لەبــەردەم ســەرکەوتنت بــۆت دەژمێــرن، ئەمــەش وادەکــات تاریکییەك لە ناخت لـەدایك بێت، بۆیـە ئەوانـە پـەراوێز بخـە کـە باوەڕناکەن تۆ بەهێزی.

***   ***   ***



Scanned with CamScanner

خەڵک چەپڵەت بۆ لێدەدەن، کاتێک بەرز دەبیتەوە؟!

غروور نەتگرێت، تەنانەت شەیتانیش چەپڵەت بۆ لێدەدا کاتێ بەرزدەبیتەوە.

هەر شتێک بکەیت لەلایان سەرنجڕاکێش بێت چەپڵەت بۆ لێ دەدەن.

هەمیشە ئەگەر ببینن لە ساتی ئاسودەیی و خۆشیدایت چەپڵەت بۆ لێدەدەن.

ئەی دۆستی ڕاستەقینە ؟!

دۆستی ڕاستەقینە، ئەو کەسەیە کە لەپێشت دەوەستێت کاتێ دەکەویت، نەوەك تەنیا کاتێ بەرزدەبیتەوە. ئەو کەسەیە لەگەڵت دەمێنێتەوە، کاتێ هەموو ئەوانەی چواردەورت جێتدەهێڵن .

دۆستی ڕاستەقینە تۆی خۆشیدەوێت، بێ ئەوەی مەرج و هۆکاری هەبێت، لەبەر هەبوونی تۆ هیچ هاوڕێیەکی نوێی ناوێت.

هەمیشە لە تۆ ڕازیە و تۆش بەتەواوی لەو ڕازیت.

ڕەنگە دوای خوێندەوەی ئەم وشانە، خەتەرەی هاوڕێیەك یان دۆستێك بە دڵت دابێت، لەگەڵ ئەوەی زۆرترین هاوڕێت هەیە، بەڵام تەنیا یەك دانەیان هاتنە نێو خەیاڵت.



Scanned with CamScanner

چاك بزانە ئەوەی هاتە نێو خەیاڵت، ئەو تەنها كەسە كە قەڵغانی بەرگریتە. بیپارێزە.

*** *** ***

▯

ئایا کامەیان چاکترن موسڵمان؟ یان فیرعەون؟

ڕەنگە سەرت سوڕبمێنێت و بڵێیت ئەوە چ پرسیارێکە؟ لەبەر ئەوەی هەرگیز بەراورد لە نێوانیان ناکرێت، چونکە موسڵمانان دەڵێن : لا اله الا الله موحەمەد رسول الله .

بەڵام فیرعەون دەیگوت : أَنَا رَبُّكُمُ الْأَعْلَى. (من خوای بەرزی ئێوەم)

پەروەردگاری میهرەبان فەرموویەتی موسا : ( اذْهَبَا إِلَى فِرْعَوْنَ إِنَّهُ طَغَى * فَقُولَا لَهُ قَوْلًا لَيِّنًا ) ( بڕۆنە لای فیرعەون بەڕاستی ئەو گومڕابووە * بە لەسەرخۆیی و نەرمونیانەوە بانگی بکەن بۆ خواپەرستی )

جوان بڕواننە ئەو وشانەی کۆتایی ئایەتەکە (بە نەرم و نیانییەوە بانگی بکەن). ئەدی ئەگەر موسڵمانێك بێت و بڵێت: لا اله الا الله موحەمەد رسول الله ، هەڵەیەك دەکات و تۆش ئاوا دەیترسێنیت ؟ لەبری ئەوەی گەڕانەوە بۆ لای پەروەردگاری لەلا خۆشەویست بکەیت و هانی بدەی لەسەری!

ئامۆژگاری بکە بە وشەی نەرم و میهرەبان، نەوەك بە هەڕەشە و ترساندن، چونکە ئەگەر تۆ میهرەبانی و سۆزی پەروەردگاری بیربهێنییەوە، ئەو کات بە سۆز و خۆشەویستی و شەرم و ترس و پەشیمانییەوە دەگەڕێتەوە، تەنیا بە ئامۆژگاریکردنێکی نەرم.



Scanned with CamScanner

هەر لەبەر ئەوە پەروەردگار سۆز و میهرەبانی خۆی بیر ئەو کەسە تاوانبارانە دەخاتەوە کە دەفەرموویت (قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنْفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللَّهِ) .

پەروەردگار خۆی ڕەحمەت و سۆزی خۆی بیر تاوانباران دەخاتەوە، کەواتە ئەو ترس و تۆقاندنەوەی بەندەکانی خودات لەچییە؟ لەبری ئەوە خۆشەویستی پەروەردگاریان بیربخەنەوە !

پەروەردگار بێگومان ئەشکەنجەی زۆر بەهێزە بۆ تاوانباران، بەڵام بزانن کە میهرەبانی پەروەردگار پێش سزا و تۆڵەکەی کەوتووە ... بۆیە دڵنیابەوە. بگەڕێوە بۆ لای زاتی میهرەبان.

***        ***        ***



Scanned with CamScanner

تۆ سپی پێستیت؟ شانازی به ڕەنگی پێستت بکە، لەبەر ئەوەی جوانترین شێوە و ڕوخسار کە دروست کرابێت تاکو ڕۆژی قیامەت، ڕەنگ و ڕوخساری گەورەمان یوسفە ( سەلامی خودای لەسەربێت) کە روخساری سپی بووە . شانازی بەو ڕەنگەی روخسارت بکە، چونکە تۆ جوانیت.

ئەگەر ڕەنگی پێستت ئەسمەرە؟ شانازی بە ڕەنگی پێستت بکە، چونکە گەورەمان موسا (سەلامی خودای لەسەر بێت) ئەسمەر بووە، شانازی بەو ڕەنگەی پێستت بکە چونکە زۆر سەرنجڕاکێشە .

ئەگەر ڕەنگی پێستت نە سپی و نە ئەسمەرە؟ ئەوا شانازی بە ڕەنگی خۆت بکە، چونکە ئەوە ڕەنگی پێستی گەورەمان حەزرەتی موحەممەدە (سەلامی خودای لەسەر بێت)، گەورەی تەواوی نەوەکانی ئادەم ڕەنگی پێستی نە سپی بووە نە ئەسمەر، بەڵکو لەنێوانیان بووە، شانازی بە ڕەنگی پێستت بکە چونکە ئەو ڕەنگە ڕەنگی گەورە و پادشاکانە.

شانازی بکەن بە هەر ڕەنگێك کە هەتانە، چونکە هەر ڕەنگێك گەورە و سەردارێك هەڵیگرتووە.

***     ***     ***

هەندێك وا گومان دەبەن كە هێزی كەسیەتی ئەوەیە توورە بیت و زوو هەڵچیت، بە پێچەوانەوە بەو شێوەیە ڕقی خەڵك بەرامبەرت زیاد دەكەن، لە جیاتی ئەوەی خۆت لای خەڵكی خۆشەویست بكەیت.

هێزی كەسیەتی لە ڕێز و ڕەوشتتە بەرامبەر خەڵك، ئەگەر هەڵەشیان بەرامبەر كردیت، ئەكەی هێزی كەسایەتیت بهێنیە خوارەوە و وەڵامیان بدەیتەوە! بەمجۆرە لە كەرامەتی خۆت دەهێنییە خوارەوە و دادەبەزیت، چونكە ئەگەر بەرپەچت دانەوە، ئەوا وەكو ئەو مامەڵەت كرد بە هەمان شێواز و ڕەوشتی قێزەوەن.

بێدەنگ بیت چاكترە چونكە ڕەوشتە بەرزەكەت ڕێگات نادات نزمبیتەوە. لەبەر ئەوەی بەرامبەرەكەت نزمە.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

هەمیشە گەشبین بە، بۆ نمونە :

ئەگەر شکستت هێنا، بڵێ پشتیوان بەخوا ئەمجارە سەرکەوتن بەدەست دەهێنم.

ئەگەر دڵتەنگ بوویت، بڵێ پشتیوان بەخوا دڵخۆش دەبم، من بەهێزم.

ئەگەر فڵان کەس بەجێیهێشتیت، بڵێ بە دڵنیاییەوە پەروەردگار خێری تیادا داناوە، ڕەنگە ئەو کەسە منی لە پەروەردگار دوورخستبایەوە، بۆیە پەروەردگار لە منی دوورخستەوە.

ئەگەر ئامانجەکەت نەپێکا، بڵێ پشتیوان بەخوا بۆ جاری داهاتوو سەرکەوتن بەدەست دەهێنم، هەرگیز خۆم بەدەستەوە نادەم.

بەم جۆرە هێزی متمانە لە ناخت زیاد دەکات، ئەقڵی شاراوە ئەم وشانە وەردەگرێت و سەیڤیان دەکا، پشتیوان بەخوا سودیان لێ دەبینیت. بۆیە ئازیزمان (سەلامی خودای لەسەربێت) هەمیشە حەزی لە گەشبینی و قسەی جوان بوو، هەمیشە پێی دڵخۆش دەبوو، کاتێک دەچووە لای هاوەڵان بۆ ئەوەی پێداویستیان جێبەجێ بکات، زۆرجار کە گوێی لێبوو یەکێك بیگوتبا: یا واجد، یا ناجح، زۆر بەم پاڕانەوەیە دڵخۆش دەبوو.

یان گوێی لە نەخۆشێك بووبا بیگوتبا : یا معافی، یا مشفی، یان دوعایەك لەو جۆرانە، زۆر دڵخۆش دەبوو، ئەوا پێداویستیەکانی ڕەت نەدەکردنەوە.

گەشبین بە بە چاکەکان، ڕەشبین مەبە.

***      ***      ***



Scanned with CamScanner

ئایا دەزانیت تەنیایی سودی یەکجار زۆری هەیە ؟!

سەرەڕای ناخۆشی و ئازارەکەی، بەڵام هەندێك کات تەنیایی یەکجار نایابە ... دەزانی لەبەر چی؟

لەبەر ئەوەی تەنیایی نزیکت دەکاتەوە لە پەروەردگار و ئیمانت پێی بەرزدەبێتەوە و لە خۆشی و ناخۆشی پێی پەیوەست دەبیت، هەمیشە لە خەڵوەت و تەنیاییدا بە لەگەڵ پەروەردگار.

***　***　***



Scanned with CamScanner

هـەر کەسـێکت خۆشویسـت ئاگـاداری بکـەوە، نـەوەک بـڕوات و پاشان حەسرەت هەڵبکێشیت کە پێت نەگوتوە.

دانیپێدابنێ و مەیشارەوە.

حـەزرەتی بۆنخۆشـی دڵـان (سـەلامی خـودای لەسـەر بێـت) هـەر کەسێکی خۆشبویستبا پێی دەگوت، هەر وەک چۆن بانگی معازی کردوو پێی فەرموو: (ئەی معاز، سوێند بە پـەروەردگار مـن تـۆم خۆشـدەوێت، سـوێند بـە پـەروەردگار مـن تـۆم خۆشـدەوێت) ئەبوداود گێڕاویەتییەوە.

*** *** ***

داواكاریـەكی سـادە، سـەڵاوات بـدە لەسـەر گیـانی حـەزرەتی خۆشەویست (سەلامی خودای لەسەر بێت).

***      ***      ***



Scanned with CamScanner

قیزه‌وه‌نترین مرۆڤ ئه‌وانه‌ن که خاڵی لاوازیت ده‌زانن و هه‌رکاتێك ویستیان له دژت به‌کاری ده‌هێنن .

دڵنیابه ئه‌وه‌ی ئه‌وان به‌سه‌رت ده‌هێنن، په‌روه‌ردگار هه‌مان شت به‌سه‌ر ئه‌وان ده‌هێنێت، ته‌نها ئارام بگره، سه‌یر بکه بزانه چۆن ده‌بنه مایه‌ی گاڵته‌جاڕی خه‌ڵك .

*** *** ***



Scanned with CamScanner

گریان له تاوی خۆشەویستی دوو ڕووی هەیە:

ڕووی یەکەم: به هۆی تامەزۆریی و پێویستییەوە.

ڕووی دووەم: بەهۆی دڵشکان و شۆك بوونەوەیە.

وشیاربە له ڕووی دووەم، ڕەنگە ئەویان بڕوات و نەمێنێت .

***      ***      ***



Scanned with CamScanner

ترس، هاوڕێیەکی ئامۆژگاریکەرە.

هەڵەکانت فێردەکات تاکو دوبارەیان نەکەیتەوە، بۆیە سودی لێ ببینە.

***   ***   ***



Scanned with CamScanner

دنیا زۆر سادەیە، دەتوانیت وا لە خەڵك بکەیت سادە بن تەنها بەڕەوشتەکەت. ئەو کەسەی ڕەوشتی خراپە بە ڕەوشتە جوانەکانی خۆت شەرمەزار و بێدەنگی دەکەیت.

ڕەوشتەکەت چەکێکی زۆر بەهێزە، چونکە زۆر جار وشەیەك چەندان خانوو و خێزانی ڕوخاندوە، لەهەمان کات چەندان خانوو و خێزانی پێکەوە ناوە، بۆ نمونە وشەی (خۆشم دەوێی) لە دوای خۆی چەندان دڵ بەدەست دەهێنێت. بۆیە کەسانی ڕەوشت بەرز، هەمیشە براوەن جا لە هەر شتێك بێت.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

هەندێ کات شتگەلێك دەکەیت، تاوەکو خەڵك ستایشت بکەن، چونکە لە ناخی خۆتدا بۆشاییەك هەیە، بۆیە چەند کارێك دەکەیت تاوەکو سەنای کارەکانت بکەن، زەحمەتە بەو ستایشەی خەڵك بۆشایی دەروونی خۆت پڕ ببێتەوە، بۆیە تاکە چارەسەر قەناعەتکردنە بە ناخی خۆت. بۆ نمونە، ئەگەر تۆ روخساری خۆت لا جوانە، ئەوا چاوەڕێ مەکە خەڵك بڵێن: تۆ زۆر جوانیت، چونکە تۆ قەناعەتت بەو جوانییە هەیە کە هەتە، بۆیە پێویست بە پێداهەڵگوتنی خەڵك ناکات، چونکە تۆ خۆت سەنای خۆت کرد، دڵنیابویت کە جوانیت.

بۆ خۆت بە ئازادی بژی.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

ئەگەر کەسێکت فریودا ( ئـەمیش بێـدەنگ بـوو ) وا گومـان مەبـە گێل و گەمژە بێت.

بەڵکو ئەو بلیتی متمانەی پێبەخشیت.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

هاورێیەکی چاکت هەیە !

ڕەنگە ڕۆژێك لە ڕۆژان بڕوات

بەڵام هەر دەڵێیت ڕۆژێك دەگەڕێتەوە !

ئەو هەستە پێیدەڵێن ئومێدەواری، هەرگیز خیانەتت لێناکات.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

هەرکاتێك کەوتیە بەڵایەکەوە، هیچ کەس ئاگادارمەکەوە، چونکە پەروەردگار دیاریەکی بە نرخی پێداویت کە بە هیچ نرخێك ناخەملێندرێت ئەویش چاوپۆشی یە ( الستر ).

پەروەردگار دەبورێت و دەبەخشێت، بەلأم خەڵك هەر لەسەری دەڕوات و ئابڕوو دەبات.

( تەنیا ئەوانە نەبێت کە پەروەردگار ڕەحمی پێکردوون )

***    ***    ***



Scanned with CamScanner

لەخۆشەویستیدا هیچ شتێك ناگەڕێتەوە.

جوان دیقەت بدە قسەکەم، بە قووڵی بیخوێنەوە،

بۆ ئەوەی ئەو دڵە نەشکێنیت کە خۆشیویستویت.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

چاك بزانە حەزێكی گەورەم هەیە بۆ گەیشتن بە تۆ...

بـەڵام وەڵامدانـەوە سـاردەكانت وادەكـات بسـوتێم (لـەلای مـن سوتانە و لای تۆش زستانە)

چاك بزانە بەوجۆرە وەڵامدانەوەت وادەكەی بڕۆم.

***   ***   ***



Scanned with CamScanner

هەنـدێ کـات دەبینیـت ئەوانـەی چـواردەورت زیـاتر گرنگیـن پیدەدەن وەك لە خۆشەویستەکەت، ئەویش هیچ بایەخێك بۆ تۆ دانانێت.

ئای ئەو هەستە چەند بە ئازارە.

هەندێ جار لەگەڵ خەڵکانێك دادەنیشن بەڵام هەست بە دڵخۆشی ناکـەین، بـەڵکو هەسـت بـە تـەنیایی دەکـەین، پێچەوانەی ئەو کەسـەی کـە خۆشـتدەوێت بەتـەنیا ئـەو یەکسـانە بەهـەموو دانیشتوانی جیهان.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

هەندێك خەون هەن دەمانەوێت ببێتە ڕاستی، وە هەندێك ڕاستیش هەن بە هیوابووین خەون بوایە، بۆیە پەلە مەکە لە خەونەکانت.

***　　***　　***



Scanned with CamScanner

خەڵكانێك هەن لە بیری خۆیاندا تۆ باشترینیت.

وە خەڵكانێك هەن لە بیری خۆیاندا تۆ هیچ شتێك نیت.

پەروەردگار تۆی بەدینەهێناوە بۆ ئەوەی بە گوێرەی بیری ئەوان باشترین بیت یان هیچ شتێك.

پەروەردگار تۆی خوڵقاندوە بۆ ئەوەی بەندەیەكی چاك بیت.

***   ***   ***



Scanned with CamScanner

بەغیل مەبە لە باسکردنی چاکەی ئەو کەسەی لە ژیانت ڕۆیشتوە، چونکە ڕۆژێک دڵی خۆی پێتداوە، بەڕاستی ئەوە جوانترین شتی ئەوە لەلات.

***     ***     ***



Scanned with CamScanner

هەمیشە ڕازیبە بەوەی هەتە و نەك بەوەی نیتە.

چونکە ئەوەی پێتدراوە لە بەخشین و سەخاوەتی پەروەردگارە.

هـەموو ئـەو شـتانەی کـە نیتـە لـە حیکمـەت و دەسـەڵاتی پەروەردگارە.

*** *** ***

خۆشەویستی چەکێکی دووسەرە، دەتوانێت ژیانت پێببەخشێت، لە هەمان کات دەتوانێت بشتکوژێت.

***    ***    ***



Scanned with CamScanner

پێبکەنە و زەردەخەنە بکە، هیچ کەس نرخی خۆشبەختیەکان لێ داوا ناکات، مادام تۆ هیچ شتێکی وا ناکەیت کە زیان بەو شتانە بگەیەنێت کە خەڵک خۆشیاندەوێت.

***    ***    ***



Scanned with CamScanner

ڕەشبینی کابووسێکی زۆر ترسناکە، خۆشیەکانت دەدزێ و خەمت بۆ بەرهەم دەهێنێت، وات لێدەکات هیچت نەوێ جگە لەوەی ببیت بە مرۆڤێکی بێ بایەخ.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

گەورەترین هاوڕێیەتی، هاوڕێیەتییە لەگەڵ خۆت.

چۆن دەتەوێ بپۆشە، بۆ کوێ دەتەوێ بچۆ، بخۆ و بخۆرەوە بە دڵی خۆت، چونکە هیچ کەس شایەنی ئەو هەموو گرنگی پێدانە نییە، جگە لە خودی خۆت ...

بەکورتییەکەی (نازی خۆت هەڵبگرە) ...

چۆنت دەوێ ئاوا بژی، تەنیا ئەوە نەبێت کە خوا لێتی حەرام کردوە.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

تەنها دڵت جوانی تەواو دەبینێت نەوەك چاوەكانت...

كاتێ خەون دەبینین چاومان دادەخەین.

كاتێ دەگرین چاومان دادەخەین.

كاتێ یەك لە باوەش دەگرین چاومان دادەخەین.

كاتێ ئاوات دەخوازین چاومان دادەخەین.

كەواتە جوانی تەواوەتی بەچاو نابینرێت

جوانی تەواوەتی تەنیا هەست كردنی دڵتە.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

لە پەروەردگاری مەزن خەمی بە ئامرازی نەهی و نەفی هێناوە لە قورئانی پیرۆزدا ...

دەزانی بۆچی؟

پەروەردگار دەفەرمووێ: (وَلَا تَهِنُوا وَلَا تَحْزَنُوا) خەمبار مەبن و خەم مەخۆن.

هەروەها دەفەرمووێ: (فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ) ترسیان لەسەر نییە و خەم ناخۆن.

بۆیە شەیتان هەموو ئاواتی ئەوەیە دەیەوێ بڕوادار دڵ تەنگ بێت.

نەك تەنیا لە دیندا بەڵكو لە هەموو كارە دینی و دونیاییەكانیشدا، بۆیە ئازیزی دڵان (سەلامی خودای لەسەربێت) خۆی بەخودا پەنا داوە لە خەم و فەرموویەتی: (پەروەردگارا من پەنات پێدەگرم لەناڕەحەتی و خەم) بوخاری گێڕاویەتەوە.

وە ئیبن قەیم دەڵێ: (خەم دڵ لاواز دەكات وە ویست و تواناش لاواز دەكات، بۆیە هیچ شتێك لای شەیتان لەدڵ تەنگكردنی باوەڕدار خۆشتر نییە)

ڕەنگە بپرسی و بڵێیت ڕۆژانی دڵتەنگی هەر دێت! وە من هاوڕانم چونكە ئێمە لە دونیا داین، دونیا لە (دنیء) هاتووە واتا كەم بایەخ.



Scanned with CamScanner

پەروەردگاری مەزن فەرموویەتی (لَا تَحْزَنْ إِنَّ اللَّهَ مَعَنَا) خەم مەخۆ پەروەردگارمان لەگەڵە.

جوان لە ئایەتەکە وردبەوە و بیربکەوە.

چارەسەر دەبینیت!

گەر لەگەڵ خودابیت دڵ تەنگ نابیت.

گەر متمانەت بەخودا هەبێ دڵ تەنگ نابیت.

بۆیە لەگەڵ خودابە ئەویش لەگەڵ تۆ دەبێت وخەمەکەشت دەگۆڕێ بۆ خۆشییەکی هەتاهەتایی...

*** *** ***



Scanned with CamScanner

دەریا موسای (سەلامی خودای لەسەر بێت) نوقم نەکرد.

ئاگر ئیبراهیمی (سەلامی خودای لەسەر بێت) نەسووتاند.

نەهەنگ یونسی (سەلامی خودای لەسەر بێت) نەخوارد.

چەقۆ ئیسماعیلی (سەلامی خودای لەسەر بێت) نەکوشت.

هەروەها کۆمەڵێك خەڵك ویستیان حەزرەتی خۆشەویستمان (سەلامی خودای لەسەر بێت) بکوژن، بەڵام نەکوژرا.

وە براکانی یوسف (سەلامی خودای لەسەر بێت) ویستیان بیکوژن و نەکوژرا، بۆیە فرۆشرا تابیبێتە بەندە کەچی بوو بە پادشا.

پلان و تەڵەکانی مرۆڤ سەرناگرێت، بۆیە ئاسودەبە.

ویست و ئیرادەی پەروەردگار لەسەروی هەموو شتێکە، بۆیە فەرموویەتی (قُلْ لَنْ يُصِيبَنَا إِلَّا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَنَا) بلێ هیچ شتێك توشمان نابێت جگە لەوەی پەروەردگار بۆی نووسیوین.

***　　***　　***



Scanned with CamScanner

چاك بزانه خۆشه‌ویستی له‌م سه‌رده‌مه زۆر ده‌گمه‌نه.

وه بزانه هاوڕێیه‌تی ڕاسته‌قینه له‌و ده‌گمه‌نتره.

بۆیه تکات لێده‌که‌م دڵت ئاگاداربکه‌وه، با وشیاربێت.

***　　***　　***



Scanned with CamScanner

قورئانی پیرۆز گەلێ نمونەی ئیسلامی تێدایە لە ژیانی رۆحی. ئەگەر تەفسیری ئایەتەکانی بەو هێز و ڕەبتە مەعنەوییە تایبەت بکەین، یەکجار نایاب دەبێت و دەبێتە کۆبونەوەی پەروەردگار لەگەڵ بەندە. ئەویش خۆشەویستی و ئەوینە. پەروەردگار ل قورئاندا ٨٤ جار وشەی ئەوین و ئەوانەش کە لە ئەوینەوە وەرگیراون بەکارهێناوە.

ئەو ئایەتانە ئاگادارکردنەوەی خۆشەویستی پەروەردگارن بۆ مرۆڤەکان و بە پێچەوانەوەش، ئەگەر تۆ ٨٤ نامە بنێریت بۆ فلان کەس( لله مثل أعلي)، چۆن وەڵامت دەداتەوە؟ دەزانێت تۆ دەتەوێت خۆشەویستی لەگەڵ بگۆڕیتەوە و پێیەوە پەیوەست بیت. ئەی دەبێت پەروەردگار چۆن بێت کاتێ دەماندوێنێت و چەندان پەیامی خۆشەویستیمان پێڕادەگەیەنێت و داوامان لێدەکات پەیوەست بین بەخۆیەوە.

پەروەردگارا چەندە جوانیت.

***     ***     ***



Scanned with CamScanner

قسە خۆشی کەسێك کە نایناسیت سەرسامت نەکات.

چونکە تۆ ئەو شتانە نازانی کە لە دڵی شاردویەتییەوە.

پەروەردگار فەرموویەتی: (وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يُعْجِبُكَ قَوْلُهُ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيُشْهِدُ اللَّهَ عَلَي مَا فِي قَلْبِهِ وَهُوَ أَلَدُّ الْخِصَامِ) (کەسانێ هەن سەرسام دەبی بەقسەکانیان لە دونیادا وە خودا شایەتە لەسەر ئەوەی لەدڵیان دایە، بەڕاستی ئەوانە خراپترین کەسن)

***     ***     ***



Scanned with CamScanner

قسـەمەکە و پـێم مـەڵێ خۆشـت دەوێـم، کـردارت هـەبێ تـا بزانم خۆشت دەوێم، خۆشەویستی کردارە نەك گوفتار.

***　***　***



Scanned with CamScanner

دووڕووو نیم، نموونەیی نیم، بێ کەم و کورتیش نیم.

ئامۆژگاریت دەکەم لە من باشتربیت، خودا هێزت پێدەدا تاکو جێگەکەی خۆت بەدەست بهێنیت لە فیردەوس.

من لە خۆشەویستییان ئامۆژگاریتان دەکەم، نەوەك ئەوە بسەلمێنم کە من لەهەمووان باشترم.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

تکایە...

تەماشاکردنی لەشی ئافرەتان و تەماشاکردنی لەشی پیاوەکان.

مانای خۆشەویسیی نییە، بەڵکو سەرسام بوونە.

ئەوەی خۆشیدەوێیت، لەبەر خودا لێت دەسڵەمێتەوە.

***    ***    ***



Scanned with CamScanner

ئافرەتـان خـراپ دەكـەن، پاشـان دەگـەڕێن بـەدوای ئافرەتـە پاكـەكان بـۆ داهـاتووی ژیانیـان، پیـاوان سەرسـام دەكـەن بـە لاشەتان و پاشان دەڵێن خوایە هاوسەرێكی چاكم پێبدە.

بزانە ئازیزم.

بزانە ئازیزەكەم.

گەر خۆت باشنیت خۆتـان مانـدوو مەكـەن تـاكو خـودا هاوسـەری باش و خێزانی باشتان پێبدات.

چونكە ئەوە بەڵێنی خودایە.

كە دەفەرموێ: (الْخَبِيثَاتُ لِلْخَبِيثِينَ وَالْخَبِيثُونَ لِلْخَبِيثَاتِ وَالطَّيِّبَاتُ لِلطَّيِّبِينَ وَالطَّيِّبُونَ لِلطَّيِّبَاتِ) پیاوە خراپـەكان بـۆ ژنەخراپـەكانن، ژنە خراپەكان بۆ پیاوە خراپـەكانن، ژنـە پاكـەكانیش بـۆ پیـاوە پاكەكانن، پیاوە پاكەكانیش بۆ ژنە پاكەكانن. ئێستا زانیت!

*** *** ***

پێم مەڵێ کەسێك ڕۆشتۆتە دەرەوە لەژیانت بەهۆی هۆکارێك، جا هەر هۆکارێك بێت.

دەزانی بۆچی؟

چونکە خۆشەویستی ئەوکاتە دەردەکەوێت کە سەد هۆکارت هەیە بۆ ڕۆشتن، بەڵام هەر دەمێنیتەوە.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

گەر ئەو کچەی خۆشیدەوێی پێیگوتی: برۆ.

ئەوا مەڕۆ.

چونکە گەر بڕۆیت، ئەوا دڵت هەردووچاوت پێکەوە دەردێنێت.

***    ***    ***



Scanned with CamScanner

دڵخۆشبیت ...
نی کارەکانت لای خۆت بشارەوە تا دڵخۆشبیت ...
لە هۆیەکانی دڵخۆشی ئەوەیە کە شیرینی دڵان (سەلامی خودای لەسەربێت) فەرموویەتی: (چوارشت دڵخۆشین: ئافرەتێکی باش، ماڵێکی فراوان ، دراوسێی باش، هۆکاریّ گواستنەوەی چاك).
هەروەها لە هۆکارەکانی خراپی، کە ئازیزمان (سەلامی خودای لەسەربێت) باسی کردوە و فەرمویەتی: (چوار هۆکاری خراپ هەن: ئافرەتێکی خراپ، دراوسێیەکی خراپ، هۆکارێکی گواستنەوەی خراپ، وە ماڵێکی تەنگ) ئیبن حبان و حاکم گێراویانەتەوە.

*** *** ***

قورئـانی پـیرۆز تـەنیا چارەسـەر نییـە بـۆ خـەمۆکی و نەخۆشـی دەروونییـەکان، بـەڵکو چارەسـەری هـەموو نەخۆشـیەکانی، وەکـو: سـەرەتان و دڵ و پشـت و چـەندانی تـر. هـەموو نەخۆشـیەکی تەندروسـتی و دەروونـی وتـەکانی پـەروردگار چارەسـەریان دەکـات، پـەروەردگار دەفـەرمووێ: (وَنُنَـزِّلُ مِـنَ الْقُـرْآنِ مَـا هُـوَ شِـفَاءٌ وَرَحْمَةٌ لِلْمُؤْمِنِينَ)

ئەوەی لە قورئاندا دابەزیوە، ڕەحمـەت و شیفای گشت نەخۆشیەکە بۆ هەموو ئیمانداران.

برادەرێـک پێیگـوتم کـە برایەکـەم لەدەسـت نەخۆشـی سـەرەتان دەیناڵاند، پاش ماوەیەك لە چارەسەری بێ ئومێدبوین، بۆ مـاوەی ٣ ساڵ نەخۆشخانە نەما ڕووی تێنەکـەین، ئینجا براکـەم سـاڵی سێیەم بڕیاری دا تەنیا بە قورئان چارەسەری خۆی بکات.

دوای ٣ مانگ برادەرەکەم تەلەفونی بۆ کردم، زۆر بـە کـوڵ دەگریـا، گوتی: موژدە بێ براکەم بەتەواوی چاك بۆتەوە.

زۆر بۆی دڵخـۆش بـووم. موچرکەیەك بـە گیانمدا هـات، کاتێ گـوتی براکەم ماوەی ٣ مانگە تەنیا قورئان دەخوێنێت. پاشان پـەروەردگار دەروی ڕەحمەتی لێکردەوە و ڕزگاری کرد.

بۆیە هەمیشە قورئان بخوێنە، چونکە هەست بە ئـارامی و ئاسودەیی ڕۆحی و جەستەیی دەکەیت. جگە لەمانـەش لـە ڕۆژی دوایـدا قورئـان دێـت و شـەفاعەت بـۆ هاوڕێکـانی دەکـات، هـەروەك سـوڵتانی دڵـان (سەلامی خودای لەسەربێت) فەرمویەتی: (قورئان بخوێنن، چونکە لـە



Scanned with CamScanner

ڕۆژی دوایـدا دێـت و شـەفاعەت بـۆ خاوەنەکـەی دەکـات) موسلم گێڕاویەتەوە.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

دەڕۆن بەڵام ئازارت نادەن.

ڕاستە ڕۆشتنیان زۆر بەئازارە.

بەڵام تۆ بەڕەوشت بەرزیەوە برۆ، وەك چۆن بەڕەوشت بەرزیـەوە تۆم ناسی، هەر لەبەر ڕەوشت بەرزیەکەتەوە خۆشم ویستیت.

***      ***      ***



Scanned with CamScanner

تێکەڵاوی مەکە لە نێوان خۆشەویستی و سەرسام بوون.
خۆشەویستی بەدەگمەن دێت.
بەڵام سەرسام بوون زۆر زۆر دێت.
وە گەر سەرسام بوون و خۆشەویستی پێکەوە کۆ بوونەوە لە
کەسێك ئەوا دڵنیابە تۆ عاشقیت.

***   ***   ***



Scanned with CamScanner

تەماشاکردنی خەڵك نیسبەت بە تۆ جیاوازە.

بۆیە هیچ خەمبار مەبە گەر ئەگەر یەکێك بە خراپی تۆی بینی،

چونکە تـەنها خـودا دەزانێـت حەقیقـەت و ماهیـەتی تـۆ چۆن و

چەندە.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

ڕەنگە خەڵکان بڕۆن بەهۆی کۆمەڵە هۆکارێکی نەژمێردراو.

بەڵام بزانە ئەوەی بۆلای تۆ دێت:

یان بە ڕێکەوت هاتووە.

یان تامەزرۆی تۆیە و دڵت وێران کردوە.

یان ئامانجێکی هەیە و دەیەوێ لە لات بەدەستی بێنێت.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

وەك زێڕ مەبە پڕشەنگدار و بریسکەداربیت، لەبەرامبەر هەمووان.

بەڵکو وەك گەوهەر بە لە ناخی زەویدا، تەنیا ئەو کەسەی ماندوو دەبێت لە دۆزینەوەت، بتوانێت بە دەستت بهێنێت.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

كـاتى خـۆى ئەوەنـدە نـەفام بـووم كـە خـۆم دەبـينى لـەژێر فەرمانبەرى كەسێكدا، كەچى هيچم نـەدەكرد جگـە لـە ڕێ كردن لەگـەڵ كارەكـە، وەك ئـەوەى لـەژێر كاريگـەرى دەرمـانى بێهۆشكەردابم.

***    ***    ***



Scanned with CamScanner

کاتێك متمانه بەکەسێك دەبەخشین، هەڵدەستێ بەشکاندنی.

کاتێـك کەسـێکمان بەڕاسـتی خۆشـدەوێت، بەپشـت گوێخسـتن دەمانکوژێت.

بۆیە تەنیا متمانە بەخۆت بکە و عاشـقی خۆتبـە، خۆشەویسـتییە ڕاستەقینەکەت با بۆ خودی خۆت بێ، چونکە ئەوەی شایەنی ئەو خۆشەویستییەیە تەنها خۆتی.

***   ***   ***



Scanned with CamScanner

دانیشتم و چەند جارێك ڕێگەم لەمێرووولەیەك گرت، کەچی مێرووولەکە لە هەر جارێکدا هەوڵی دەدا ڕێگەیەکی تازەتر بگرێتەبەر،

بیرم کردەوە...

چۆن مێرووله سەبر و ئارامی هەیە بۆ ئەو کارەی دەیەوێ، کەچی ئێمەی مرۆڤ کاتێ ئاواتێکمان بۆ بەدی نایە خۆمان بەدەستەوە دەدەین و پشتی تێ دەکەین.

***    ***    ***



Scanned with CamScanner

بڕیار لەسەر من مەدەن، بەڵکو بڕیار لەسەر خۆتان بدەن، چونکە من وەکو ئاوێنـەوام ڕەنگدانـەوەی نـاخی خـۆم نـیم، تـۆ تـەنیا وێنەدانەوەم دەبینیت.

***　***　***



Scanned with CamScanner

ڕۆلی قازی مەبینە تا حوکم بەسەر خەڵکیدا بسەپێنیت، کەس داوای نەکردوە تێکەڵی کارەکانیان بیت.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

ساتەکانی خۆشی و دڵتەنگی دێنە پێشەوە.

ئەمانە هیچیان لەلای من مانایان نییە، چونکە هەردووکیان دەبنە یادگاری.

چێژ دەبینم لە ساتە خۆشەکان، چونکە لە داهاتوودا دڵنیام پێکەنینم بە ناڕەحەتییەکان دێت کە لەو کاتەدا بۆی دڵتەنگبوومە!

***  ***  ***



Scanned with CamScanner

گەر ناخ و دڵت پڕە لەخەم، هەوڵبدە خەڵکانی دیکە دڵخۆشبکەیت، چونکە ئەوە باشترین ڕێگایە بۆ هەست کردن بە ڕەزابوونی ئەو خەمە.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

هەندێ کات خەمبار دەبم بۆ خۆم، کاتێ دڵم ڕازی دەکەم بە کارێك کە تیایدا عەقڵم خاوەنی بڕیاری ڕاستە.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

کـاتێ هه‌ڵده‌سـتی بـه یارمه‌تیـدانی که‌سـی دیکـه و دڵخۆشیان ده‌که‌یت، هه‌رگیز چاوه‌ڕێی هه‌مان شت له‌وان مه‌که‌، چونکه گه‌ر چل که‌سی هاوشێوه‌ی خۆشت بدۆزیه‌وه ئه‌وان هه‌ر وه‌ك تۆ نابن.

***     ***     ***



Scanned with CamScanner

هـەرکات هەسـت بـەدڵ توونـدی بکـەم لـەم دونیایـە، وتـەکانی مامۆسـتاکەم بـیر دێتـەوە کـەپێی گـوتم: خـەم لـەم دنیایـە وەك بازنەیەکە کە هەر دەسووڕێتەوە و تەنگ دەبێت و تەنگ دەبێت و تەنگ دەبێت، تاوەکو ئەو بازنەیەوە دەبێتە خاڵێکی بچووك و لـە کۆتاییدا ون دەبێ. ئەوەش دەرووی ڕزگاری پەروەردگارە.

*** *** ***

کەسانێك هەن شایەنی خۆشەویستی تۆ نین، چونکە دەزانن دڵ داماوەکەتیان لەژێر دەستە، بە ئارەزووی خۆیان ئەو دڵە زامدار دەکەن، لە کاتێ دەزانن دڵت تەنیا ئەوانی دەوێ، ئەوکات ئەو دڵە وێران دەکەن، بەم جۆرە دڵە خۆشەویستەکەت جگە لە وێران بوون هیچی دیکە ناچێژێت لەگەڵ ئەوانەی واتدەزانی دۆستتن.

***    ***    ***



Scanned with CamScanner

هەمیشە سەرم سوڕدەمێنیت لەو کچانەی کە ژیانی خۆیان دەخولێننەوە بۆ پیاوان، ئامانجی یەکەمینیان تەنیا هاوسەرگیرییە !

ئازیزەکەم...

ئەوان پێویستیان بە تۆ هەیە، نەوەك تۆ پێویستت پێیان بێت.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

هـەر چـەند خۆشەویـستیی ئـافرەت گـەورەتربێت لـە دڵـی پیـاو، هێشـتا دایکـی کەسـی یەکەمـە لەدڵیـدا، هەوڵمـەدە ئـەو جێگایـە بگریتەوە، تاوەکو خۆشەویستیی ئەو لەدەست نەدەیت.

وەگەر پیاو ئـەو جێگایـەی بـە تـۆ بەخشـی، ئـەوا وشـەی (پیـاو) بسڕەوە و لەجێگەی بنووسە (هیچ)، چونکە بەڕاسـتی هـیچ شـتێ لە لای پەروەردگار مەزنتر و گەورەتر نییە لە دایك.

*** *** ***

پەروەردگار ڕەحم و سۆزی بۆ خۆی داناوە.
میهرەبانییەکەی پێش تووڕەبوونی کەوتووە.
ئەو سیفەتە جوانە لەقورئاندا زیاد لە سەد و شەست جێگەدا ئامـاژەی پێـدراوە، چ بەباسـکردن و چ بەڕونکردنـەوە، وەکـو فەرموویەتی: (وَرَحْمَتِي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ فَسَأَكْتُبُهَا لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ) (میهرەبـانی مـن هـەموو شـتێکی گرتۆتـەوە، بـەو کەسـانەی دەبەخشم کە تەقوادارن)
ڕابمێنن برا و خوشکانی ئازیزم .
پەروەردگار میهرەبانییەکەی هەموو شتێکی گرتۆتەوە وانییە؟
کەواتە چۆن نائومێد دەبی لە میهرەبانی پەروەردگار، لەکاتێك تۆ لەم گەردوونە بەرین و فراوانە هەر هیچ نیت، بۆیە نائومێد مەبە مـادام ویـژدانت ئـازارت دەدات کاتێـك تاوانێـك دەکـەیت، بۆیـە ئاسودەبە، لەو میهرەبانییەی پەروەردگار کە سەد بەشە. وەکو خۆشەویسـت (سـەلامی خـودای لەسـەر بێـت) فەرموویـەتی: (پـەروەردگار سـەد ڕەحـم و سـۆزی دروسـتکرد کـاتێ ئاسمـان و زەوی دروستکرد، هەر سۆزێکی لـە چینێکی ئاسمـان دانـا، بۆیـە زەویش یەك سۆزی بەرکەوت، هەر بەو سـۆزەیە دایـك میهرەبـانی دەبەخشێ بە کۆرپەکەی، هەروەها باڵدار و گیاندارانیش بەهەمان سۆز، بۆیـە لـەڕۆژی قیامـەت هـەموویان هـەر ئـەو سـۆزیە کـە بەکاریانهێناوە) موسلیم گێڕاویەتیەوە.

بیر له سۆزی دایکت بکەوە لەگەڵ میهرەبانی بۆت، ئەوە هیچ نییە لە بەرامبەر ئەو ٩٩ سۆز و ڕەحمەی لە قیامەت ماوە.

***     ***     ***



Scanned with CamScanner

زۆر جار ڕوودەدات:

پەروەردگار بە قەدەری خۆی وادەکات ڕووبەڕووی کەسانێك ببیەوە کە چاکەیەکی زۆریان تیا دەبینییەوە، ئینجا دڵت ئاسودەبێت کە دونیا هێشتا خێری تێداماوە.

***　　***　　***



Scanned with CamScanner

کاتیّ لەگەلّ منداڵیّك دادەنیشیت بیّ هۆ دلّت خۆشدەبیّ.

بەلاّم کاتیّ لەگەلّ بەتەمەنیّك دادەنیشیت دەترسیت، ناشزانیت ئەو ترسە لە چییەوە هاتوە!

ناڕەحەت مەبە. بەتەمەنەکان شەڕە سەختەکانی ژیانیان کردوە، بەلاّم منداڵەکان لە شەڕە سەختەکانی ژیان بەدوورن. بۆیە وەهایە.

***       ***       ***



Scanned with CamScanner

پێویست ناکا دیاریەکەت گرانبەهابێت.

مەرج نییە ماددە بێت.

وەستانت لە لای کەسێکی خەمبار جوانترین دیاریە، دەتوانی بەکەسێکی خەمباری ببەخشیت، لەکاتێك زۆرترین پێویستی پێیە.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

هەنـــدێ کـــات خۆشویســـتن دوای ڕق لێبـــوون دێـــت، بـــەڵام پێچەوانەکەی ڕوونـادات، چونکە کـاتێ کەسێکت خۆشـدەوێ بـە کـردار نـەوەك بـە قسـە، ئینجـا بەهـەموو کەموکوڕیەکانییـەوە قەبوڵی دەکەیت، ئەو کات هیچ هۆکارێك نامێنێت بۆ ڕق لێبوون.

*** *** ***

جوان بیربکەوە پێش ئەوەی تۆڵە لە کەسێك بکەیتەوە. دەبینی ئەو شایەنی ئەو کاتەش نییە کەپێی زایە بکەیت، چونکە تەسفیەی حیساباتەکان خودا ساغی دەکاتەوە، ئەوەك بەندەی خوا، بۆیە ئارامبە.

***     ***     ***



Scanned with CamScanner

فریـو مـەخۆ بـەو دەموچـاوە پـەری ئاسـایانە، چـونکە هـەموو درەوشاوەیەک زێڕ نییە.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

بڕیار لەسەر فڵان کەس مەدە لەسەر ڕوخساری دەرەوەی، چونکە تۆ نازانیت ناوەوەی چاکەی تێدایە یان خراپە. بۆیە گومانی خراپ مەبە، چونکە گومان خراپی گوناهێکی زۆر گەورەیە.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

پێکـــەنینم دێ کاتێـــك پیاوێـــك دەبیـــنم بەژنەکـــەی دەڵـــێ: هەڵبژاردنەکانی تۆ هیچ جوان نییـە، بەپێچەوانەشـەوە ژنەکـە بـە هاوســەرەکەی دەڵێـت: هەڵبژاردنــەکانی تــۆ هــیچ جــوان نییــە. دەزانیـت ئەوانـە خراپـە لەگـەڵ خۆیـان دەکـەن، گـەر پیاوەکـەت هەڵبـژاردنی ناشـرینە! ئـەوا بزانـە لـەنێو ملیارەهـا ئـافرت تـۆی هەڵبژاردوە، بەپێچەوانەشەوە ژنەکەت لە نێوان چەندان پیاو تۆی هەڵبژاردووە تاببیتـە هاوسـەری، بۆیـە هـەرگیز بـەخۆتان مـەڵێن: تۆسەلیقەکانت ناشرینن.

***     ***     ***



Scanned with CamScanner

کاتێ منداڵی تازه لەدایك بوو دەبینم دڵم دادەخورپێ، چونکه دەزانم ئەو پێشهاتەی تووشی دەبێت، خراپتره لەوەی ئێمه تووشی هاتووین، چونکه ڕۆژگار له پێشکەوتنه و ڕەوشت له دواکەوتنه.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

تۆ پێم بڵێ ئەو کەسانەی خۆشیانت دەوێ و لەگەڵیانی کێن!

ئەوکات دەزانم تۆ کێیت.

***     ***     ***



Scanned with CamScanner

لەڕابردوو فێربە ، تا پەشیمان نەبی.

***        ***        ***



Scanned with CamScanner

جوانیی پیاو لە زانستەکەی دایە نەوەك لە گیرفانی.

***          ***          ***



Scanned with CamScanner

هەمیشـە سـەیری لایەنـە ئەرێنییـەکانی ژیانـت بکـە، گـەر نـەت دۆزیەوە، بیربکەوە چۆن لایەنە ئەرێنییەکەی بگۆڕیت بۆ ئەرێنی.

***        ***        ***



Scanned with CamScanner

جوان گوێ لە خەڵك ڕابگرە، بەڵام بە هەموو قسەیەكیان بڕوا نەكەیت.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

نهێنییەکانت بخە سکتەوە، چونکە سك هەر بەتەنیا بۆ خواردن دروست نەبووە.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

ڕەحم بەخەڵك بكە و سۆزت بۆیان هەبێ، چونكە ئێمە بە كارەكانی خۆمان ناچینە بەهەشت، بەڵكو بە ڕەحمی پەروەردگار دەچین إن شاءَ الله، گەر تۆ وادەزانی بەكردەوەكانت دەچی، ئەوا بە ویستی خودا سەگە بەوەفاكەت لایەقتر بوو تا بچێتە بەهەشت، بەڵام بە ویستی خودا دەبێتەوە خۆڵ.

***　　***　　***

*مەحاڵ. بێ ئیرادەکان درووستیان کردوە.

چونکە مەحاڵ بوونی نییە لای کەسە ئیرادە بەهێزەکان.

***     ***     ***



Scanned with CamScanner

عەقڵی دانایان وەکو دەریایە.

فراوانە بە زانیاری و ئارامە بە بیرکردنەوە.

بۆیە کەسی دانا دەنگی بەسەر کەس بەرز ناکاتەوە.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

**فێڵ و مەكر تەنها لە ئافرەتان دا نییە !**

یەعقوب (سەلامی خودای لەسەر بێت) بە یوسفی كوڕی فەرموو: (قَالَ يَا بُنَيَّ لَا تَقْصُصْ رُؤْيَاكَ عَلَى إِخْوَتِكَ فَيَكِيدُوا لَكَ كَيْدًا) (كوڕی خۆم خەوەكەت بۆ براكانت مەگێڕەوە دەنا فێڵێكت بەرامبەر دەكەن)

پیاوانیش بە هەمان شێوە مەكر و فێڵی گەورەیان هەیە.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

ئەوەی لە دونیا لەگەڵ پەروەردگار بێت، دونیا لە خزمەت و لە فەرمانی ئەو دادەبێت.

هەر کەسێکیش لە دونیادا لە پەروەردگار دووربکەوێتەوە، ئەوا دونیا زەلیلی دەکات.

***     ***     ***

سێ خەسڵەت ئافرەت بەرەو مەزنی دەبەن:

١ - خۆداپۆشین.

٢ - ڕەوشت بەرزی.

٣ - زانست و زانیاری.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

ئـەو هاوڕێیــەی نهێنییــەکانت دەزانێــت، زۆر ترســناکترە لــە دوژمنێکی توورە، بۆیە ئاگاداریە.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

هەموومان بەهێزین لە کەسایەتی خۆماندا

بەڵام پێویستە کەسێك هەبێت، لاواز بین بەرامبەری

ئەو لاوازیە ترس و سەرشۆڕی نییە !

بەڵکو بەرزی شوێنی ئەوە لە دڵتدا.

***     ***     ***



Scanned with CamScanner

هیچ کەسێك ژیانێك ناژیێت کە پڕ بێت لە خۆشگوزەرانی!
بگرە خودی خۆشگوزەرانی تەواوەتیش بێزارییە.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

ئەوین لاوازی و بێهێزی نییە، ئەوین هێز و قوربانیدانە.

هەر کەسێك بەڕاستگۆییەوە خۆشی بوێیت، ناگری لەگەڵت لەسەر ئەو ڕووداوەی بەسەرت هاتووە.

بەڵکو دوای هێزی پەروەردگار، ئەو هێزێکی وەهات پێ دەدا کە هەمیشە پێی خۆڕاگربیت.

***   ***   ***



Scanned with CamScanner

له نێوان خۆشەویستان هیچ ڕێزێك بوونی نییه، لەبەر ئەوەی ڕێزداری تۆ له ڕێزی ئەوەوە سەرچاوە دەگرێت.

بەڵام ئێستا ئێوه دوو گیانن له یەك جەستەدا.

***    ***    ***



Scanned with CamScanner

سوپاس بۆ پەروەردگاری مەزن لەسەر هەموو شتێك.

سوپاس بۆ پەروەردگار لەسەر ئەو شتانەی بوو.

سوپاس بۆ پەروەردگار لەسەر ئەو شتانەی کە دەبێت.

بەڕاستی تۆ نازانیت پەروەردگار تا چ ئەندازەیەك بەخشندەیە لەگەڵت!

نازانیت چۆن ئەو کەسانەت لێ دوور دەخاتەوە کە لە دڵیانەوە حەز دەکەن زەبرێکت لێ بدەن، لەکاتێك هیچ کەسیك نازانێت، تەنیا پەروەردگار دەزانێت.

نازانیت چۆن هەندێك خەڵك و ڕێکەوت سوپرایزت بۆ فەراهەم دەهێنێت.

نازانیت چۆن کارە چاکەکانت بۆ دەهێنێتە پێش، لەکاتێك پێت وایە زۆر خراپن.

نازانیت چۆن ڕۆحت بۆ دەگەڕێنێتەوە کاتێك خەوتویت، بۆ ئەوەی دوبارە کاری چاك بکەیت، پێش ئەوەی کار لەکار بترازێت.

نازانیت چۆن بەڵات بۆ دەهێنێتە پێش، تەنیا بۆ ئەوەی پاکت بکاتەوە لە گوناهەکانت.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

تاقە چەمانەوەیەك نیشانەی ڕێز و بەردەوامبوون بێت، چەمانەوە و ملکەچیتە بەرامبەر پەروەرێنت.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

پێنج شت پیاوەتیت کەمدەکات:

١- وازهێنان له نوێژکردن.

٢- خراپه بەرامبەر دایك و باوك.

٣- خراپه بەرامبەر ئافرەت.

٤- درۆکردن.

٥- ڕەزیلی.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

جـــوانترین گفتوگـــۆ، گفتوگۆکردنـــە لـــە ســـوجدەدا بەرامبـــەر پەروەرێنت.

هەموو ئازار و ناڕەحەتی ناو دڵت دەردێنێت.

ئینجا دڵت پڕدەبێت لە خۆشی.

*** *** ***

هەمیشە بڵێ:

پەروەرێنم خەڵکانێك هەن كە دەیانەوێ پەیوەستم بكەن بەخۆیان.

دەسا پەروەردگارا پەیوەستی خۆتم بكە، چونكە من زیاتر پێویستیم بەتۆیە تا ئەوان.



Scanned with CamScanner

چـەندە جوانـە کـاتێ خـەمێکی قـووڵی نێـو دڵـت لـەبیر خـۆت دەبەیتەوە، پاشان ئەو ئایەتەت دەکەوێتەوە یاد (لَا تَـدْرِي لَعَلَّ اللَّهَ يُحْدِثُ بَعْدَ ذَلِكَ أَمْرًا)

نازانیت، ڕەنگە پەروەرێن دوای ئەوە شتێکی باشترت بۆ بهێنێتە پێش.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

هەرکەسێك بەڕاستی تۆی خۆش بوێت هەرگیز وازت لێناهێنێت.

لە خۆوە شتێك دروست دەکات بۆ ئەوەی تەنیا قسەیەکت لەگەڵ بکات.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

کاری چاکه و باش بکه و پاشان فڕێی بده دەریا.

هەرگیز چاکەکانت بۆ خەڵکی باس مەکە.

***     ***     ***



Scanned with CamScanner

داوام له خودا کرد خۆشگوزەرانیم پێ ببخەشێت،

تۆی پێبەخشیم!

با هەموویان بڕۆن، تەنیا تۆ بمێنەوە.

چونکە هیچ خۆشگوزەرانییەك نابینم بە بێ هەبوونی تۆ.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

بەڕاستی خەمناکە کەسانێکی باش ببینی لە هەموو کارە باشەکان وجودیان هەبێت، کەچی دوایی خراپ ببن.

***        ***        ***



Scanned with CamScanner

زۆرێک لە خەڵکی کاتێک باسی بەخشندەیی پەروەرێنیان بۆ دەکەیت لێت دووردەکەونەوە !

لەبەر ئەوە نییە کە حەزیان لێ نەبێت گوێت بۆ بگرن.

بەڵکو لەبەر ئەوەیە، ئەوان نغرۆ بوونە لە گوناه و شەرم دەکەن گوێ لە بەخشندەیی پەروەرێن بگرن کاتێك ئەوانیشی گرتۆتەوە، نەك ئەوە بەڵکو هەموو شتێکی گرتۆتەوە.

***     ***     ***



Scanned with CamScanner

کاتێك کەسێکی خراپ شانازی بە کارە خراپەکانی دەکات، کەسە چاکەکارەکانیش بێدەنگ دەبن.

لەو ساتەدا هەست بە قێزەوەنترینی دونیا دەکەیت.

***      ***      ***



Scanned with CamScanner

دوعایەك بۆ من و بۆ تۆ:

خۆزیا پێت شادبووباین ئەی ئازیزم، موحەممەد (سەلامی خودای لەسەر بێت) گیان، بەزەردەخەنەوە لەسەر حەوزی کەوسەر. دەستی موبارەکتمان ماچ کردبایە و قومێك ئاوت پێ بداینە بۆ ئەوەی هەرگیز تینوومان نەبووایە.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

خەڵکانێك هەیە ئایین وەك جلێکی جوان لەبەر دەکەن و ڕەوشتیش دەکەنە پێڵاو.

نەکەی وا بڕوا بکەی کە تەنها مسوڵمانی و ئیدی تەواو!

فەرزەکانت بە ڕێك و پێکی بکەی، بەڵام زمانت بێزاربێت لێت و نەیەوێ لات بمێنێتەوە، بەهۆی خراپ بەکارهێنانییەوە.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

زۆرم بۆ دوارۆژ ئامادە نەکردوە، بەڵام دڵەکەم سەرکەوتووە بە خۆشویستنت ئەی پەروەرێنم، ئەی سوڵتانی دڵان (سەلامی خـــــــــــــــوداى لەســـــــــــــــــەربێت).
داوات لێ دەکەم پەروەردگارا لە دوارۆژدا لەگەڵ خۆشەویست کۆمان بکەیتەوە، لەبەر ئەوەی من جگە لە ئەو، هیچ کەسی تر بە گەورە و مەزن نازانم.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

هەموو ئەوانەی ئەگەر بە وشەیەکیش ئازاریان دابیت. پەروەرێن لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکا...

بۆیە دوودڵ مەبە !

دڵنیابە پەروەرێنت دادپەروەرە.

***     ***     ***



Scanned with CamScanner

هەندێك لەو شتانەی بەختەوەرت دەكات:

١ـ دوعاكردن.

٢ـكۆبونەوەی خێزانی.

٣ـ قاوەی بەیانییان.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

ئایا دەزانی پەروەرێنت سزادانی تۆی ناوێ؟

خـۆ تۆبـەکردن و داوای لێخـۆش بـوون و دوعـای بـەبێ هـودە دانەناوە !

پـەروەرێن بـە ناخۆشـییەکان بەنـدەکانی تـاقی دەکاتـەوە، بـۆ ئەوەی لە گوناه پاکیان بکاتەوە، ئەی دەبێ چۆن بێت بەرانبـەر ئەوانەی هەمیشە ڕوویان لەپەروەرێن کردوە !

ڕووت لەپەروەرێن بکە و ئارامبە.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

ئاستی کەسایەتی خۆت بزانە بۆ ئەوەی هیچ کەسێك کاریگەری نەخاتە سەر کەسایەتیت. چاك بزانە هەموو ڕۆیشتوویەك خەمی لێ ناخورێت.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

(چی بچێنی هەر ئەوە دەدوریتەوە... یاسایەکی چەندە جوانە !)

هەر کەسێك ناخۆشیەك لەسەر مسوڵمانێك لاببات، پەروەرێن ناخۆشیەك لە ناخۆشیەکانی ڕۆژی دوایی لەسەر لادەبات.

هەر کەسێك مسوڵمانێك داپۆشێ، پەروەرێن لە دونیا و دوارۆژ دایدەپۆشێت.

بەخشندەبە بەرانبەر ئەوانەی لەسەر زەوین، ئەوەی لە سەروی ئاسمانەکانە بەخشندە دەبێت بەرامبەرت.

هەر کەسێك بەدەم پێویستی برایەکی مسوڵمانی بێت، پەروەرێن بەدەم پێویستییەکانی دێت.

پەروەردگار یارمەتی بەندەکەی دەدات، تا ئەو بەندەیە لە یارمەتیدانی براکەی بێت.

ئیبن مەسعود دەفەرموویٚت:

***  ***  ***



Scanned with CamScanner

هەر کەسێك لە پێناو پەروەرێن نان ببەخشێ، پەروەرێنیش نـانی پێدەبەخشێت.

هەر کەسێك لەپێناو پەروەرێن ئاو ببەخشێت، پەروەرێنیش ئـاوی پێدەبەخشێت.

هەرکەسێك لەپێناو پەروەرێن لەخەڵك خـۆش بێـت، پـەروەرێنیش لێی خۆش دەبێت.

تکات لێ دەکەم.

دڵ تـەنگ مەبـە ئەگـەر یـەکێ ڕەفتـارێکی قێزەوەنـی بەرامبـەر کردیت.

تـەنها زەردەخەنـە بکـە، چـونکە پـەروەردگار پاداشـتی خـۆی دەداتەوە.

بەو جۆرە ڕەفتار لەگەڵ خـەڵك بکـە، کـە حەزدەکـەی پـەروەرێن ڕەفتارت لەگەڵ بکات.

*** *** ***

حەزدەکەی کام کەس وەڵامت بداتەوە؟
هەندێك لە ئێوە وەڵام دەداتەوە بەوەی خۆزگە دەخوازێ یەکێك لە خزمە نزیکەکانی یان خۆشەویستانی یان ئەو هاوڕێیانەی کە دونیایان جێهێشتووە وەڵامی بدەنەوە.
وەڵامەکان جیاواز دەبن.
ئەی حاڵت چی دەبێت ئەگەر پێت بڵێم شیرینی دڵان (سەلامی خودای لەسەربێت) وەڵامت دەداتەوە؟!
پێغەمبەری ئازیز (سەلامی خودای لەسەربێت) فەرموویەتی: (هەر مسوڵمانێك سەلامم لێ بکات، بەدڵنیایی پەروەردگار ڕۆحم دەگەڕێنێتەوە بەر تا وەڵامی سەلامەکەی بدەمەوە)
نازداری دڵان (سەلامی خودای لەسەربێت) دەفەرمووێ: (سەڵاواتم لەسەر بدەن، چونکە سەڵاواتەکانتان پێم دەگات جا لە هەر کوێیەك بن)
ئەوە شانازییە بۆ هەموو خەڵکانی زەوی، کە سەردار و گەورەی مرۆڤایەتی حەزرەتی موحەمەدی ئازیز (سەلامی خودای لەسەربێت) وەڵامی سەلامی هەموو کەسێك دەداتەوە کە لێی دەکەن...
دەی سەڵاواتی لەسەر بدەن.

***   ***   ***



Scanned with CamScanner

پەیامێك بۆ خوشكانی سەنگینم:

ڕەنگە تۆ شێوەت جوان بێت، بەڵام...!

دەبینی ئەوانەی چواردەورت هاوسەریگیری دەكەن وە شێوەشیان زۆر ئاساییە...

دەزانی لەبەر چی؟

یاسایەكی سادەیە هەیە ئەوەیە (ئەوان نزیك و پەیوەستن بە پەروەرێنەوە)

شیرینی دڵان (سەلامی خودای لەسەربێت) فەرموویەتی:( پەروەردگار سەیری لاشەتان ناكات، سەیری وێنە و شێوە و شكڵتان ناكات، بەڵكو سەیری دڵەكانتان دەكات)

ئەگەر دڵەكەت لە خوا ترسا و پاشان سەرسامیت بەفڵان و فڵان واز لێهێنا! پیاوی چاك خۆی دێتە داوات...

ئەگەر بەردەوام بوویت، هیچ پیاوێكی چاك نایەتە داوات تەنها پیاوە خراپەكان نەبێت، بە دڵنیایەوە ئەوانیش سەرسام دەبن بە فڵان ئافرەت و فڵان ئافرەت هەروەك تۆ.

لەگەڵ خودا بە، دڵنیابە هەموو شتەكان لەگەڵت دەبن.

*** *** ***



Scanned with CamScanner

◄ ئارام بە

مەتا ئەگەر گوێ لە گۆرانیش دەگری، واز لە قورئان مەهێنە.

مـەتا ئەگـەر سەرپێچـی پـەروەردگاریش دەکـەی، نوێـژەکانت مەپچرێنە.

ئەگەر ژیانـت هـەمووی لەدەسـتدان و لەدەسـتدان بێـت، هـەرگیز مەوەستە لە کردنی کاری چاک.

ئـەو دەرگایـەی لـە نێـوان تـۆ و پەروەردگارتـە، نەکـەی هـەرگیز دایبخەیت.

***        ***        ***



Scanned with CamScanner